# بۆپێشەوە

FORWARD

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

ساڵی حەوتەم ژمارە (150) بەرواری 15–8–2023 | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (1)و (15) هەموو مانگێکدا دەردەچێت


**" شانە حیزبییەکان و ئاکسیۆنە کرێکارییەکان"**

**دەربارەی گرنگیی ئاژیتاتۆر و ئاژیتاسیۆنی**


**ئاشکرا...ل9**

بـەشی یەکەم

## وتەی ژمارە

# لەبەرامبەر ڕەوەند و ئاڵوگۆڕەکاندا، دەبێ چ بکرێت؟

پرۆسیسی لکاندنەوەی کوردستان بە عێراقەوە، بەکردەوە دەستی پێکردووە. بۆرژوازی کورد بەناچاری و لە ئاکامی شکستە یەک لەدوای یەکەکانی ڕێگاچارەیەکی دیکەی نییە، جگە لەوەی لەگەڵ ئەم دۆخە خۆی بگونجێنێت. بەڵام لێکەوتە ئابوری و سیاسی و ئەمنی و حقوقییەکانی لکاندنەوەی کوردستان بە عێراقەوە لە ڕێگای هەژموون بەغدا بەسەر هەرێم و لەسەروی بڕیار و ئیرادەی سیاسی خەڵکی کوردستانەوە، ئایندەیەکی سیاسی و ئابوری و حقوقی و ئەمنی نەخوازراو بەدوای خۆیدا دێنێت. لە بەرامبەر بەو دۆخەدا ڕێگاچارە پێویستە، تا ڕێگە لەوە بگیرێت، کە جارێکی دیکە کوردستان ببێتەوە نێچیری دەسەڵاتی هەڵاوێرد ئامیزی بەغداو بۆرژوازی عێراقی.



**ڕەتکردنەوەی فیدرالیزم:** لەدوای روخاندنی بەعسەوە تا ئێستا، لەگەڵ ئەوەدا فیدرالیزمی قەومی وەکو پەیوەندی هەرێم بە بەغداو ڕێکەوتنی بۆژوازی عەرەب و کورد، لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات بڕیاری لێدراوەو لەدەستوردا جیگیر کراوە، بەڵام بەکردەوە ئەم فیدرالیزمە جگە لە ناوێک هیچ تر نەبووەو ئەوەی پەیوەندی هەرێم و بەغدای هێشتوتەوە، هاوسەنگی هێز بووەو، بەکردەوە فیدرالیزم هەڵپەرسێردرابوو، بەڵام لەگەڵ گۆڕانی ئەو هاوسەنگی هێزە بەسودی بەغدا، پێداگری بەغدا لەسەر فیدرالیزم و دەستور و بەدەستەوەگرتنی دادگای فیدرالی بۆتە ئەو چەکە کاراو یاساییەی بۆرژوازی عێراقی، بۆ پەڕوباڵکردنی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد و هاوکات گێرانەوەی هەژموونی بەغداو ناوەند بەسەر هەرێمدا. بۆیە لە هەلومەرجی ئێستادا کە مۆتۆری فیدرالیزمی قەومی وەجوڵە کەوتووە، هەنگاوی یەکەم و خێرا وەکو بەرگرتن بە هەژموونی بەردەوامی بەغدا و پێشوازی بۆرژوازی و هێزە کوردیەکان لەو فیدرالیزمە، وەرێخستنی بزوتنەوەیەکی فراوانی سیاسی و مەدەنی و جەماوەرییە، بەدژی فیدرالیزمی قەومیدا. فیدرالیزمی قەومی بە پێچەوانەی فیدرالیزمی ئیداری کە لەزۆر وڵاتی دنیادا ئەزموون دەکرێت، تەواو جیاوازە. فیدرالیزمی ئیداری شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکانە بۆ هەرێم و

بۆ لاپەڕە 2

## چۆن ناڕەزایەتی خەڵکی کفری بەسەرکەوتن دەگات؟



له ١٠ی تەمووزەو تا ئێستا بەشێک لە خەڵکی کفری بەهۆی نەبوونی هەلی کار و خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانەوە، دەستیان داوەیە نارەزایەتی دەربڕین و لە ژێر چادرەکاندا کۆبوونەتەوە. گومان لەوەدا نییە ئەم بزوتنەوە نارەزایەتییە بەشێکە لە بزوتنەوەیەکی نارەزایەتی سەراسەری کە لەسەراسەری کوردستاندا قوڵپ دەدات و لەهەندێک کاتدا دێتە سەرشەقام و لەهەندێک کاتیشدا خامۆش و لەناو کۆڕ و کۆمەڵ و خێزانەکاندا، میوانی سەر سفرەکانیانە. ئەوەی گرنگە ئەو بزوتنەوە نارەزایەتییە بەردەوامەو تا دێت بەرەو هەڵکشان دەچێت و ئاسۆیەک بۆ ئاوابوونی نابینرێت، هۆکارەکەشی ئەوەیە دەسەڵات توانای

بۆ لاپەڕە 3

## دزی و تالآنی نەوت، بەڕێگای تازە!!



بەپێی چەند سەرچاوەیەکی هەواڵ و لە زمانی بەشێک لە خودی بەرپرسانەوە، باسی فرۆشتی نەوتی خاوی هەریم دەکرێت بە شێوەی نایاسایی و بە قاچاغ، بەڵام ئەمجارە لەجێگای ئەوەی بە بەرمیل و لیتر بفرۆشرێت، بەتەن دەفرۆشرێت... ئەو نەوتە خاوە لە کێڵگە ناوخۆیەکانی هەرێم بەرهەم دەهێنرێت و دەپاڵێورێت و لەلایەن چەند کەس و کۆمپانیایەکەوە، بەتەن دەفرۆشرێت و داهاتەکەی دەچێتە بانقە ئەهلیەکانەوە. ئەوە لەکاتێکدایە کە تا ئێستا بەشی زۆری خەڵکی هەژار و کەم دەرامەتی


بۆ لاپەڕە 3

**دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ هاوڕێ ڕێبوار عارف، سەبارەت بە هۆکاری ناڕەزایەتی و داخوازییەکانی جەماوەری کفری لە لاپەرە 10 دا، دەخوێننەوە...**

## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


* کەمپەینی "ئازادی بۆ شیروان شیروانی..........................................ل4
* ژیانی نائاسایی یەكێك لە گەورەترین سۆشیالیستەكانی.................ل4
* هەڵبجەو شەنگال، کەبوونە قوربانی دینی ئیسلام و.....................ل5
* بریکس (BRICS) درکێك لە گیانی رۆژئاوا........................................ل5
* جێنی مارکس..........................................................................ل7
* کوتەیەك لەسەر مێژووی پارتی کرێکارانی بەریتانیا!.........................ل9


**دۆسیەی ژمارە " هۆکاری کوشارەکانی بەغدا لەسەر هەرێم و پرسی پەسەندکردنی بودجە و ئایندەی قەوارەی سیاسی هەرێم"**



**بەڕێز شوان داودی وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە...ل11_12**


پرسی ڕۆژ ل5

پرسی ژن ل7

کۆشەی ئەدەب و هونەر ل8

## درێژەی وتەی ژمارە

**ئەگەر ناجێگیری سیاسی لەدوای روخاندنی دەسەڵاتی بەعسەوە، بەهۆی لاوازی پێکهێانەوەی دەوڵەتی عێراق و نا مەرکەزی بووونی دەسەڵات و نا هاوسەنگ بوونی توانای حکومەتەکەی بوو، ئەمجارە و لە پرۆسیسی بەهێزبوونەوەی دەوڵەتی عێراق و ناوەند بوونەوەی دەسەڵات و حکومەتی عێراقدا، ناجیگری سیاسی جێگا پەیدا دەکاتەوە و بەرامبەرکێی و کاردانەوەی سیاسی، لەبەرامبەر بەدەسەڵاتی هەڵاوێردن و جیاوازخوازی عێرایدا دەکاتەوە بە واقعیەتیکی تاڵ و راستیەکی حاشا هەڵنەگر...**

پارێزگاکان بەمافی یەکسانی هاوڵاتیانەوە لەبەرامبەر بە یاسادا. دەوڵەت لە بنچینەدا هەڵگری هیچ ناسنامەیەکی قەومی و مەزهەبی و دینی و نەژادی نییە و دەوڵەتێکی سکیولاری ناقەومییە... وە فیدرالیزمی ئیداری هەرگیز نابێتە هۆکار بۆ بەرامبەرکێی و دژایەتی قەومی. لە کاتێکدا فیدرالیزمی قەومی، لەسەر بنەمای ناسنامەی دەوڵەتی قەومیدا، مانا پەیدا دەکات و جیاکاری قەومی پایە بنەرەتیەکەیەتی و هاوڵاتیان بەپێی ناسنامە قەومیەکەیان بەهایان بۆ دادەنرێت، هیچ کاتێک ناتوانرێت مافی یەکسان لەبەرامبەر بەیاسادا بۆ هاوڵاتیانی قەومەکانی دانیشتوی ناو ئەو وڵاتە، فەراهەم بکرێت. کێبەرکی و بەرامبەرکیی قەومی یەکێک لەدەرهاویشەکانی فیدرالیزمی قەومییە. بەخشینی ناسنامەی قەومیەتی عەرەبی بە دەوڵەتی عێراقی و بەشیک بوونی لە جیهانی عەرەبی، یانی موردان لە ناوچەوانی هاوڵاتیان لەسەر بنەمای قەومی و بەمەش هەڵاواردن و جیاکاری دەبێتە تایبەتمەندییەکی ئەو دەوڵەت و حکومەتە. وە هیچ دەوڵەتێکی قەومی ناتوانێت دوور لەجیاکاری و ستەم بێت. یەکێک لەو ڕێگاچارانە کە پەیوەندی هەرێم بە بەغداو ناوەندەوە هاوسەنگ دەکات و مۆری هەڵاواردنی قەومی و جیاکاری مەزهەبی پێوە نەبێت، یان دامەزراندنی سۆشیالیزمە یانیش دامەزراندنی دەوڵەتێکی سکیولاری نا قەومییە. بەداخەوە لە ئێستادا بزوتنەوەی سۆشیالیستی و کرێکاری لەو ئاستەدا نییە، دەسەڵاتی خۆی دابمەزرێنێت، کە خاڵییە لە ستەم و نابەرابەری و هەڵاواردن، بۆیە ڕێگاچارەی دووەم بە سکیولاریزم کردنی دەوڵەت لە عێراقدایە کە دەتوانێت ناسنامەی قەومی تورڕبدات و هاوڵاتیان لەبەرامبەر یاسادا یەکسان و دوور لە پەراوێزخستن و جیاکاری لە قەڵەمرەوی سیاسی و ئابوری و داهات و خزمەتگوازری...دا رابگرێت. ئەمەش بەبێ لێکگریدانی خەباتی هاوبەشی جەماوەری لە عێراق و کوردستاندا، فەراهەم نابێت. واقعیەت ئەوەیە لە عێراقی ئێستادا هێزی باڵادەست و پێکهاتەی حزبە سیاسیەکانی، نەک هەر دوورن لە حزبی مەدەنی و دیموکراسی باوی بۆرژوازی دنیا، بەڵکو لەسەر وەستانەوە بەرووی هەموو لایەنێکی مەدەنی سکیولاردا، پێکهاتوون... ئەمەش ئاییندەیەکی باشتر ناخاتە بەردەم خەڵکی عێراق و کوردستان و تەنانەت ناتوانێت هاوسەنگی مەزهەبیش لە سایەی باڵادەستی ناوەرۆکی دەوڵەتی مەزهەبیدا، رابگرێت... شیعەی سیاسی کە هێزی باڵادەستی ناو هەژموونی دەسەڵاتە لە عێراقدا، چۆن بەناسنامە قەومییە عەرەبییەکەی هاوڵاتیانی نا عەرەب دەکاتە پلە لەخوارتر و هاوڵاتی بێ بەهاتر، ئاواش هاوڵاتی نا شیعی دەکاتە هاوڵاتی بی بەهاتر و ناسەنگینتر لەبەرامبەر هاوڵاتیەکی شیعیدا. ئەم دۆخە لە درێژ مەودای خۆیدا ئەزموونی هەڵاواردنی قەومی و مەزهەبی لە ئاستی بەرجەستردا، مۆر لێدەدات... جیگیر بوون و بەهێز بوونی ئەم رەوتە باڵادەستە، جیا لەوەی جیاکاری و هەڵاواردنی قەومی و مەزهەبی زیاد دەکات، هاوکات لەگەڵ خۆیدا کاردانەوە و پشێوی سیاسی، بەدوای خۆیدا کیش دەکات و جارێکی تر عێراق دەکاتەوە بە سەرزەمینی بەیەکدادانی قەومی و مەزهەبی و ناجیگیری سیاسی.

ئەگەر ناجێگیری سیاسی لەدوای روخاندنی دەسەڵاتی بەعسەوە، بەهۆی لاوازی پێکهێانەوەی دەوڵەتی عێراق و نا مەرکەزی بووونی دەسەڵات و نا هاوسەنگ بوونی توانای حکومەتەکەی بوو، ئەمجارە و لە پرۆسیسی بەهێزبوونەوەی دەوڵەتی عێراق و ناوەند بوونەوەی دەسەڵات و حکومەتی عێراقدا، ناجیگری سیاسی جێگا پەیدا دەکاتەوە و بەرامبەرکێی و کاردانەوەی سیاسی، لەبەرامبەر بەدەسەڵاتی هەڵاوێردن و جیاوازخوازی عێرایدا دەکاتەوە بە واقعیەتیکی تاڵ و راستیەکی حاشا هەڵنەگر... بۆیە پێویستە لە ئێستاوە بۆ بەرگرتن بەو پرۆسەیە دەوڵەت بە ناوەرۆکی فیدرالیزمی قەومیەوە لەلایەن هیز و جوڵانەوە چەپ و رادیکاڵ و پێشکەوتنخوازەکانەوە رەتبکرێتەوە.

**دەسەڵاتی میلیشیایی هەرێم:** ئەزموونی زیاتر لە ٣٠ ساڵی رابردوو ئەو راستیە بە رۆشنترین شیوە دەست خست، کە دەسەڵاتی سیاسی هەرێم، دەسەڵاتێکی میلیشیایی و پشت بەستوو بەچەک و دەزگای ئەمنی و دەستبەسەراگرتنی داهات و خۆبەستنەوە بە یەکێک لە وڵاتەکانی ناوچەکەو پشت بەستووە بە کەڵک وەرگرن و لە بۆشایی وململانێی دەوڵەتانی ناوچەکە. وە هەریمی کوردستان لەسەر دەستی ئەم دوو هیزە و هاوبەشەکانیان لە جێگای بەهیزبوون و یەکگرتووبوون، بچوکراوەتەوە کراوەتە دوو زۆنی لێک دابڕاوی دوو دەسەڵاتی حزبۆکراتی و بنەماڵەیی... هەردوو حزب و هاوبەشەکانیان، وەکو حزبەکانی تری بۆرژوازی لە عێراقدا دواکەتوون، لەوەش زیاتر حزب و دەسەلاتی هاوڵاتی نین. لە ژێر سایەی دەسەڵاتی ئەو دوو حزبەدا کۆمەڵگە بە حزبی کراوە، هاوڵاتی ئاسایی هیچ جێگاو ڕیگەیەکی لە دەزگای فکری و سیاسی ئەو حزبانەدا نییە، نەک هیچ هاوڵاتی و کەسایەتیەکی غەیرە کورد شانسی پۆستی باڵای حزبی و حکومی!! نییە، بەڵکو لەدەرەوەی بنەماڵەی دەستڕۆشتوودا، کەس دەستی بەپۆستە باڵا بڕیار دەرەکان ناگات و نییە، نموونە دەسەڵاتی ئاوا لە دنیادا دەگمەنە. ئەو دەسەڵاتە چ لە پەیوەند بە دابینکردنی خزمەتگوازرییە سەرەتاییەکانی وەکو ئاو کارەبا، سوتەمەنی خوێندن و پەروەردەو تەندروستی و ڕیگاو بان و موچەتا دەگاتە مافە فەردی و مەدەنیەکان و ئازادییەکان، بن بەستە و هاوکات لە پەیوەند بە پرسی سیاسی خەڵکی کوردستانیشەوە، لەگەڵ ئەوەدا خۆی بەو پرسەوە هەڵواسیووە و بەهۆیەوە دریژە بە تەمەنی خۆی دەدات، خۆی کۆسپێکی سەرەکی بەردەم چارەسەری ئەو پرسەو ئاییندە سیاسی کوردستانە و هەر چاوەڕوانیەک لەو دەسەڵاتە بۆ باشبژیوی و ئاڵوگۆرێک بۆ باش بوونی ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان و بژاردەیەکی کارساز بۆ ئاییندەی سیاسی، لە وەهمێک زیاتر نییە... دزی وتاڵانی هەموو جومگەکانی کۆمەڵگەی تەنیووە و ڕێگایەکیش بۆ چاکسازی و ریفۆرم لە بەردەمیدا نەماوەتەوە و دەستبردنی بۆ هەر چاکسازییەکی بەرجەستە، بە دارمانی خۆی تەواو دەبێت. هاوکات خۆ بەستنەوە و خۆشخزمەتی بە وڵاتانی ناوچەکە بۆتە ناسنامەو تایبەتیەکی و تا ئەو ڕادەیەی بەئاسانی دەتوانرێت وەکو داشی دامە جوڵەیان پێبکرێت... ئەم دەسەڵاتە میلیشیایی و حزبۆکراتی و بنەماڵەییە، بەکردەوە دوژمنێکی سەرسەختی جەماوەری کریکار و بێبەشی کوردستانە، بۆیە هەر ئاڵوگۆڕێک بە ئاقاری باشبوونی ژیان و گوزەرانی خەڵک و خزمەتگوزاری و ئازادییەکان و مافە فەردی و مەدەنیەکانی هاوڵاتیان و پرسی چارەسەری کیشەی کورد و ئاییندەی سیاسی کوردستان، بەستراوەتەوە بە کۆتاییهێنان بەو دەسەڵاتە... بۆیە پیش مەرجی هەر ئاڵوگۆرێکی شۆرشگێرانە لە گرەوی راماڵینی ئەم دەسەڵاتەدایە.

کام ڕیگا چارە: ڕیگاچارە بەجیا لە رەتکردنەوەی فیدرالیزم و کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، لە گرەوی وەڵامدانەوە بەچەند پرسی سەرەکیدا تەوەرەی بەستووە. "نان و خزمەتگوازرییەکان، ئازادی و مافە فەردی و مەدەنیەکان، چارەسەری پرسی سیاسی کورد" سەرەکیترین سێ گرفتی ئیستای کوردستانن... هیچ ئاییندەیەکی باش لەبەردەم خەڵکی کوردستاندا نییە، جگە لەوەی خەبات بۆ ئەم مەسەلانە بکاتە شارێی خەباتێکی بەردەوام و ڕێکخراو و نەپساوەی شاری... دیارە پرسی سیاسی کوردستان، مەرج نییە پەیوەست بێت بە هاتنە ئارای دەسەڵاتێکی مەدەنی لە عێراقدا، بەڵکو لەچوارچیوەی هەر ئەم عێراقەدا، بە وەرێخستنی بزوتنەوەیەکی مەدەنی و جەماوەری و شاری و بە راکێشانی پشتیوانی خەڵکی ئازادیخواز کە خەڵکی کوردستانی بەسەردا دابەش کراوە لەگەڵ راکیشانی پشتیوانی نێو دەوڵەتی دەکرێت، دەسەڵاتی ناوەندی لە عێراقدا، ناچار بە ملدان بەو چارەسەرە مەدەنی و کارسازە بێت، بەڵام ئەوەی رۆشنە ئەوەیە چارەسەری پرسی کورد لەهیچ ئاستێکدا، بە هیزە قەومی و دینی و بۆرژوازییەکان ناکرێت. بزوتنەوە بۆرژوازی و قەومیەکان هیچ پۆینتێکی شۆرشگێرانەو ئازادیخوازنەیان تیا نەماوە تا هەڵگری چارەسەرێکی گونجاو بۆ کیشەی سیاسی خەڵکی کوردستان بن. بۆیە ئەوە ئەرکی هێزی شۆرشگێر و پیشکەوتنخواز و چەپ و کۆمۆنیستە، کە ئاڵای چارەسەری پرسی کوردو ڕیگاکانی ئەو چارەسەرە بە کۆمەڵگە بگەیەنن و خەڵکی لەدەوری کۆبکاتەوە. لەوەش زیاتر بۆرژوازی کورد خۆی بۆتە کۆسپ لەبەردەم چارەسەری پرسی کورد و هاوکات ڕیگر لەبەردەم دابینکردنی نان و خزمەتگوزارییەکان و ئازادییەکان ومافە فەردی و مەدەنیەکان. بۆیە بۆرژوازی کورد و بزوتنەوەی کوردایەتی وەکو بزوتنەوەیەکی بۆرژوازی، ریگرو کۆسپێکی بەردەم هەر ئاڵوگۆڕێکی باشتر، لە ئاستی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسیدایە...

**ناوەڕاستی ئابی ٢٠٢٣**

# درێژەی: چۆن نارەزایەتی خەڵکی کفری بەسەرکەوتن دەگات؟

وەلامدانەوەی بەداخوازییە زۆر زەوەندو کەڵکەبووەکانەوە نییە و ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایش وەکو گەنە، لەگەڵ دەسەلات لە بەری رەنجی چینی کریکار و جەماوەری بێبەشی کوردستان دەخوات و ناتوانێت جەماوەری نارازی کوردستان بخاتە پشت سیاسەت و فریوکارییەکانی.

بەلام سەرکەوتنی هەر نارەزایەتیەکی جەماوەری لە ڕەوایەتی خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکەدا نییە، لە رەوایەتی خواستەکانیدا نییە، بەڵکو هاوکات بەستراوەتەوە بە کۆمەڵێک هەنگاوی دیاریکراوەوە... کۆبونەوەی نارەزایەتی خەڵکی کفری چەند هەفتەیە بەردەوامە، ئەم کۆبونەوە نارەزایەتییە لە کەشی گشتییدایە، واتە لە جەرگەی شاردا نمایشی خۆی دەکات و سەرنجی بەشەکانی تری کۆمەڵگە بۆ خواستەکانی رادەکێشێت... هێشتا لە گەرەکەکان، ناوەندە خەدەمیەکان، شوێنە کرێکارییەکان و...تاد، جوڵەیەکی بەرجەستەو رێکخراو نابینرێت و مانگرتن و کۆبونەوەیەکی پشتیوانی وەڕێ نەخراوە، کە ئەوە لاوازییەکی گەورەیەو بزوتنەوەی نارەزایەتی لە فەزای گشتیدا بە تەنها هێشتۆتەوە... هاوکات هێشتا لە شار و شارۆچکەکانی تر و بزوتنەوە کۆمەلایەتیەکانی تری نێو کۆمەڵگە پشتوانیەکانیان سنوردار بەسەردانی کردن و هاوکاری کردنێکی سنورداری بەرتەسک بۆتەوە کە ئەوە ناتوانێت کاریگەری زۆر بخاتە سەر دەسەلات.

دەسەلاتی سیاسی زۆر کەم نیگەرانی کۆبونەوەی جەماوەرییە لە جێگایەکی شاردا، تا دەستبردن بۆ مانگرتن و کۆبونەوەی گشتی لە ئاستی ناوەندە کریکاریی و خەدەمی و گەرەکەکاندا. کۆبونەوە لە فەزای گشتیدا چەندە دوورو درێژیش بێت، ئەگەر شێوازەکانی خەبات و نارەزایەتیەکی نەگۆڕێت و پەل بۆ جێگای تر نەکوتێت و لە پشتیوانی بەشەکانی تر بزوتنەوە کۆمەلایەتیەکان بەهرەمەند نەبێت، لە درێژ ماوەدا بێ ئومێدی باڵ دەکێشێت بەسەریدا و هەڵسوراوان و جەماوەرەکە ماندو دەکات. ئەو بەڵێنانەی بەرپرسانی حزبی و حکومی لەهەر دوو زۆنەکە بە خەڵکی کفری دەدەن، زۆرتر پەیوەندی بە ململانێی حزبی لە کەشی وەجوڵەکەوتووی ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنەکاندایە، واتە بەشێکە لە کەمپەینی پێش وەختەی هەڵبژاردنەکان، نەک وەلامدانەوە بەخواستی جەماوەری نارازی. خۆشباوەریش بە هەڵبژاردنەکان و کەمپەینەکانی هەڵبژاردن ئەگەر جێ بەجێکردنی چەند خواستێکیشی لەگەڵ دابێت، بە بارمتە گرتنی دەنگی خەڵکی نارازییە، بۆ ئامانجێکی تر کە هەڵبژاردنەکانە. ناسینی ئەو راستیانە لەلایەن رابەران و هەڵسوڕاوانی نارەزایەتی خەڵکی کفری، هاوکارێکی زۆر باش دەبێت، بۆ نانی هەنگاوی تر لەوانەش راکیشانی پشتیوانی بەشەکانی تری کۆمەڵگە لەناو کفری و لەشارو شارۆچکەکانی تردا و بۆ گوشار دروستکردن لەسەر دەسەلات کە ناچار بکرێت هەندێک لەداخوازییەکانی خەڵک جی بەجێ بکات... دیارە داخوازییەکانی جەماوەری کفری و بەشی زۆری خەڵکی کوردستان داخوازی زۆر سادەن و شەرمە بۆ دەسەلات خەڵک بۆ ئەو خواستانە ناچار بن کۆبونەوەی نارەزایەتی وەرێبخەن. هەروەها زۆر گوێبیستی ئەوە دەبین کە خەڵکی کفری و گەرمیان قوربانیان داوە، بۆیە دەبێ وەلام بەخواستەکانیان بدرێتەوە، ئەوە ئەوپەری سوکایەتیە بە ئینسان و بزوتنەوەی نارەزایەتی. خەڵک ئەگەر قوربانی داوە دەبێ قەرەبووی مادی و مەعنەوی بکرێتەوە، بەلام دابینکردنی خواستەکانی جەماوەر پێویستی بە قوربانی پێشتر نییە... هەموو تاکێکی کۆمەڵگە بەجیا لەوەی قوربانی داوە یان نا، مافی ئەوەی شکۆدارانە بژیەت و لە داواو خواستەکانی بەڕیوەچوونی ژیان و گوزەرانی بەهرەمەند بێت.

# درێژەی: دزی و تالانی نەوت، بەڕێگای تازە!!

کوردستان، نەوتی سالّی رابردوویان وەرنەگرتووە، وە لەکاتێکدایە کە سوتەمەنی بەگشتی و نەوت بە شێوەی تایبەتی نرخەکەی هێندە بەرزە کە خەڵکی کەم دەرامەت توانای کڕینیان نییە. دەسەلاتی سیاسی هەرێم و بەرپرسە دەستڕۆشتوەکانیان، بۆ ساتێک چییە واز لە تالانی داهات و سامانی هەرێم ناهێنن و هەر رۆژە داهێنانێک لە دزین و بەتالابرنیدا دەگرنە بەر.



رۆژێک بەتانکەر ئاودیوی دەکەن و رۆژێک لە رێگای بەندەری جەیهان و بە ڕیکەوتنی ٥٠ ساڵەو، رۆژێکیش بە تەن و ...تاد دەفرۆشرێت. لەو کاتەوەی دۆسیەی نەوتی هەرێم لەدەستی هەرێم دەرهێنراوە و سۆمۆ سەرپەرشتی فرۆشتنی نەوت دەکات، دیسان سەرانی تێرنەبووی بزوتنەوەی کوردایەتی و قاچاخچیانی هاوشان و هاوکاریان نەوتی کێڵگە نەوتیەکانی هەرێم بە تەن دەفرۆشن.

هیشتا دیار نییە دەسەلاتی سیاسی هەرێم پابەندی رێکەوتنی لەگەڵ بەغدا دەبێت بۆ رادەستکردنی ٤٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی رۆژانەی هەرێم، کەچی فرۆشتنی نەوتی هەرێم بە قاچاغ دەستی پێکردووە. ئەو مامەڵەیەی دەسەلاتی هەرێم یان ئەوەی لە ژێر سایەی ئەو دەسەلاتەدا دەکرێت، بەرچاوترین دۆسیەی دزی و تالانییەو لەو دزی و تالانیەش، دزی و بازرگانی بە نەوتەوە پشکی شێری بەردەکەوێت... ئەوە لە کاتێکدایە خەڵکی کوردستان تا بلێی پێویستیان بە نەوت و سوتەمەنیە، چونکە بەراستی بۆتە بارگرانیەکی یەکجار زۆر بەسەر شانی هاولاتیانەوە.

خەڵکی کوردستان و هەڵسوڕاو و رابەرانی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری، پێویستە هەرچی زووە ئەم تالانی و دزییە ئاشکرایە لەقاو بدەن و ڕیگە بگرن لەوەی کە سەرانی حزب و بازرگانەکانی هاوشانیان، نەوت و سوتەمەنی بە نایاسایی و بە قاچاغ بفرۆشن و خەڵکیش موحتاجی، دەبەیەک نەوت بێت... پێویستە گوشاری جەماوەری دەسەلات ناچار بەوە بکات لەجێگای ئەوەی دەرگای خستۆتە سەرپشت بۆ فرۆشتنی نەوتی کێڵگە نەوتیەکانی کوردستان، بە شێوەی جۆراو جۆر، ناچار بەوە بکرێت، کە بەسەر هاولاتیاندا بە نرخێکی رەمزی کەم یان بەخۆڕایی دابەشی سەر خەڵکی نەدار و برسی کوردستانی بکەن و بازرگانەکانیشی رووبەڕووی لێپرسینەوەی یاسایی!! بکرێن.

❊❊❊❊❊❊

**ئەو بەڵێنانەی بەرپرسانی حزبی و حکومی لەهەر دوو زۆنەکە بە خەڵکی کفری دەدەن، زۆرتر پەیوەندی بە ململانێی حزبی لە کەشی وەجوڵەکەوتووی ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنەکاندایە، واتە بەشێکە لە کەمپەینی پێش وەختەی هەڵبژاردنەکان، نەک وەلامدانەوە بەخواستی جەماوەری نارازی. خۆشباوەریش بە هەڵبژاردنەکان و کەمپەینەکانی هەڵبژاردن ئەگەر جێ بەجێکردنی چەند خواستێکیشی لەگەڵ دابێت، بە بارمتە گرتنی دەنگی خەڵکی نارازییە، بۆ ئامانجێکی تر کە هەڵبژاردنەکانە...**

# ژیانی نائاسایی یەکێك لە گەورەترین سۆشیالیستە شۆڕشگێڕەکانی مێژوو، فرێدریك ئەنجلز...

نووسەر و شۆڕشگێر فریدریک ئەنجلز لە٥ ی ئابی ١٨٩٥، یانی ١٢٨ ساڵ لەمەوپێش، ژیانئاوایی کرد، بە چاودێریکردنی چینی کرێکار لە ئینگلتەرا و لە سەرانسەری ئەورووپای وەکو ئەزموونێک بەکارهێنا بۆ پەرەپێدانی تیۆرانینی لەسەر پێویستی شۆڕشی کرێکاران بۆ گەیشتن بە کۆمۆنیزم.


ئەنجلز لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند لە ئەڵمانیا لەدایک بووە. بزووتنەوە شۆڕشگێڕەکانی ئەو سەردەمە و پەرەسەندنی خێرای سەرمایەداری، ڕێڕەوی ژیانی ئەنجلزی وەک جەنگاوەرێک بۆ ژیانێکی باشتر لە قاڵبدا. باوکی ئەنجلزی بۆ مانچستەر نارد بۆ ئەوەی وەک کارمەندێک لە کارگەی قوماشی خێزانییاندا کاربکات. کاتێک گەیشت، سەرسام بوو بەوەی بینی، ئەمەش کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر تەواوی ژیانی ئەنجلز دانا.

یەکەم کتێبی بە ناوی 'دۆخی چینی کرێکار لە ئینگلتەرا'، باسێکی وردی ئەو بارودۆخە تاریکانە بوو کە کرێکاران تووشی بووبوون. کتێبەکەی بۆ خوێنەرانی ئەڵمانیا بوو، کە هێشتا هەمان قەبارەی پیشەسازی بەریتانیایان ئەزموون نەکردبوو.
بەڵام کتێبەکە تیۆرانینێکی گرنگ بوو بۆ واقیعی ژیان لە کارگەکاندا.
لێرەدا ئەنجلز بەوپەڕی چاوەڕوانییەوە چاوی لە شۆڕشێک بوو کە پێی وابوو دژایەتییەکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری ڕێگای بۆ ئامادە کردووە.
ئەنجلز و کارڵ مارکس پێکەوە تیۆری ماتریالیزمی مێژووییان پەرەپێدا؛ دیارترینیان لە کتێبی ئایدۆلۆژیای ئەڵمانیدا بوو.

دواتر ئەنجلز چووە سەر نووسینی (دیالێکتیکی سروشت) کە ماتریالیزمی مێژوویی بۆ زانست بەکارهێنا.

لێرەدا ئەنجلز توانی نیشانی بدات کە چۆن کار تەنانەت بۆ پەرەسەندنی مرۆڤیش جەوهەرییە.
لەگەڵ مارکس مانیفێستی کۆمۆنیستیان نووسی.
مانیفێست لە ساڵی ١٨٤٨ لە کاتێکی گرینگدا بڵاوکرایەوە، کاتی ڕاپەڕین بوو لە سەرانسەری ئەوروپا. ڕاپەڕین لە فەرەنسا بە شێوەیەکی دڕندانە لەلایەن پاسەوانانی نیشتمانی فەرەنساوە سەرکوتکرا.
ئەنجلز وتی: "بۆرژوازی نیشانیدا کە ئەو ساتەی پرۆلیتاریا دەوێرێت وەک چینێکی جیاواز هەڵوێستی خۆی لە دژی ئەوان بگرێتەبەر، بە چ دڕندەییەکی شێتانە تۆڵەیان لێدەکەنەوە".
لە ساڵی ١٨٦٠ مارکس و ئەنگڵس بەشدارییان لە کۆمەڵەی نێودەوڵەتی پیاوانی کرێکار کرد؛ دواتر بە یەکەمین نێودەوڵەتی ناسرا؛ تیایدا کرێکارانی سەرانسەری جیهانی کۆکردەوە و یەکیخست.

لە ساڵی ١٨٦٠، مارکس یەکەم بەرگی کتێبی



سەرمایەی تەواو کرد، کە تیایدا بە شێوەیەکی بەرفراوان سوودی لە نووسینەکانی پێشووی ئەنجلز سەبارەت بە چینی کرێکار لە ئینگلتەرا وەرگرت.

مارکس لە ساڵی ١٨٨٣ کۆچی دوایی کرد، دوای مردنی مارکس، ئەنجلز کتێبی (سەرچاوەی خێزان، موڵکی تایبەت و دەوڵەت)ی نووسی. کتێبەکە لەسەر بنەمای ئەو تێبینیانە بوو کە مارکس لەسەر ئەنترۆپۆلۆژیستێکی ئەمریکی لویس هێنری مۆرگان و کتێبەکەی کۆمەڵگەی کۆن کردبووی. سەرچاوەی خێزان سەیری ئەوەی دەکرد کە چۆن خێزانەکان لە ڕووی مێژووییەوە گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە و چۆن ستەمی ژنان لەگەڵ گەشەسەندنی کۆمەڵگەی چینایەتیدا سەریهەڵداوە. لێکۆڵینەوە لەوە دەکات کە گۆڕانکارییە دراماتیکییەکان لە شێوازەکانی کشتوکاڵدا، کە بووەتە هۆی دروستبوونی کۆمەڵگا جێگیرترەکان، چۆن کاریگەرییان لەسەر چۆنیەتی ڕێکخستنی مرۆڤەکان و بە تایبەتی خێزانەکان هەبووە. ئەنجلز نیشانیدا کە چۆن کاتێک مرۆڤەکان جیهانی دەوروبەریان گۆڕی، ئەمەش کۆمەڵگەکانی خۆیان گۆڕی.

ئەنجلز ئاماژەی بەوەشکردووە، خەبات بۆ کۆمەڵگەیەکی نوێ دەکات کە "نەوەیەک لە ژنان کە جگە لە خۆشەویستی ڕاستەقینە هیچ هۆیەکی تر نەبێ بۆ خۆپیشکەشکردن بە پیاو."
لە هەمان کاتدا کە ئەنجلز کتێبی (سەرچاوەی خێزان)ی دەنووسی، تێبینییەکانی مارکسیشی بەکارهێنا بۆ تەواوکردنی بەرگی دووەم و سێیەمی کتێبی سەرمایە.
تا ئێستاش دەتوانرێت بەرهەمەکانی ئەنجلز بەکاربهێنرێت بۆ ڕوونکردنەوەی چینی کرێکار وەک هێزێک بۆ گۆڕانکاری.

**لە ئینگلیزیەوە کراوەتە کوردی**

**توانا محەمەد نوری**

**٨/٨/٢٠٢٣**

# کەمپەینی "ئازادی بۆ شیروان شیروانی"



ژمارەیەکی زۆر لە نووسەر و ڕۆژنامەنووس، هەڵسوڕاوی سیاسی و جەماوەری و لایەنگرانی مافی مرۆڤ و بەشێک لەدادوەران، بەمەبەستی گوشار هێنان و بۆ دەسەڵاتی سیاسی هەولێر، بە ئامانجی ئازادکردنی شیروان شیروانی لە ئاستی سۆشیال میدیادا، کەمپەینێک بەناو" ئازادی بۆ شیروان شیروانی" دەست پێدەکەن. دیارە ئەوە یەکەمین چالاکی نووسەر و ڕۆژنامەنووس و کەسانی ئازادیخواز نییە، کە بەمەبەستی بەرگری لە گیراوەکانی بادینان و شیروان شیروانی و ڕەتکردنەوەی بڕیاری دژە ئینسانی سیاسی هەولێردا وەڕێ دەخرێت، بەڵکو لەیەکەمین ساتی دەستگیرکردنی گیراوەکانی بادینان و ڕاگرتنیان بۆ ماوەی ساڵێک لەدادگا بێ لێپرسینەوە، کەمپەینی جۆراو جۆری بەرگری لە گیراوەکانی بادینان دەستی پێکرد. ئەم کەمپەینانە لەبنەڕەتدا کەمپەینی بەرگری لە ئازادی و ئازادییە سیاسیەکان و ئازادی چالاکی سیاسی و ئازادی بەیان و بیروڕا دەربڕینە. دەسەڵاتی سیاسی بەمەبەستی چاوترسێن کردنی ئازادی و ئازادییەکان و بەرەی ئازادیخوازی کۆمەڵگە، بەتایبەتی لە بادیناندا، گوێی بەو هەموو نارەزایەتی و چالاکیانە نەدا کە لەناوخۆ و دەرەوەی وڵات وەڕێخران و بوونە هۆی ئەوەی بەشیک لە کۆمەڵگەی مەدەنی و ئازادیخوازی کۆمەڵگە لە ئاستی دنیادا دەنگ بەرز بکەنەوەو ئیدانەی ئەم جۆرە دەستگیرکردن و مامەڵە سیاسیە لەگەڵ گیراوەکاندا بکەن. دوای تەواو بوونی ماوەی یاسایی زیندانیکردنی گیراوەکانی بادینان و شیروان شیروانی، جارێکی دەسەڵاتی سیاسی زۆنی زەرد لە ڕێگای دروستکردنی سیناریۆ و هێنانی کەیسی پاکەتی دوبارە ڕێگری لەوە کرد ئەو گیراوانەو شیروان شیروان ئازاد بکرێن.

لە کاتێکدا بڕیار بوو مانگی هەشتی ئەمساڵ شیروان شیروانی ئازاد بکرێت، جارێکی تر دادگای قورمیشکراوی سیاسی پارتی و هەولیر دوبارە بە پاساو وبیانووی تر لە ٢٠ی مانگی رابردوو، چوار ساڵ زیندانی تری داسەپاندە سەر شیروان شیروانی... ئەم مامەڵەیەی دادگای پارتی، جارێکی نیگەرانی و نارەزایەتی بەشیکی زۆر لەبەرەی ئازادیخوازی کوردستانی بەدوای خۆیدا هێنا و لەچەندین شار و شارۆچکەدا کۆبونەوەی نارەزایەتی وەرێخرا، بەڵام بەو هۆیەوە دەسەڵات سورە لەسەر سزادانی ئازادی و چالاکی، گوێی بەو نارەزایەتیانە نەدا و ئامادەنەبوو شیروان شیروانی ئازاد بکات... بۆیە وا جارێکی تر کەمپەینی ئازادی بۆ شیروان شیروانی هاوڕیکانی لەدرێژەی نارەزایەتیەکانی پیشوودا، دەستی بۆ برایەوە.

بەجیا لەو ژمارە لە نووسەر و ڕۆژنامەنووس و چالاکوانە سیاسی و جەماوەری و بەشیک لەدادوەران، پیویستە بەرەی ئازادیخوازی کۆمەڵگە بەشیوەیەکی بەرجەستەتر و فراوانتر و بینە مەیدان و ئەم کەمپەینە گەورە بکەن تا دەسەڵاتی سیاسی ناچار دەبێت بەوەی شیروانی شیروانی و گیراوەکانی بادینان ئازاد بکات و قەرەبووی مادی و مەعنەویان بکاتەوە.
ئازادی بۆ شیروان شیروانی گیراوەکانی بادینان.

**بۆپێشەوە**

**پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...**

bopeshawa@gmail.com

## پرسی ڕۆژ

## بەڕێز شکار عوسمان چالاکوانی مەدەنی وەڵامی پرسی ڕۆژی داوەتەوە...



**مانگرتنی بەشێك لەخەڵکی کفری بۆ داواکاری کەمی خزمەتگوزاری و بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری وبەرینبوونەوەی قڵشتی نێوان زۆرینەی خەڵك و دەوڵەمەندەکان، لەئەنجامی بوونی ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی بەتایبەت لەوناوچەیە پتر لە مانگێکە دەستیپێکردووە. بەڕێزتان وەك یەکێك لەهەڵسوڕاوانی ئەو مانگرتنە دەتوانن هۆکارەکان و ڕێگەچارەکانی کە ئێوە خستووتانەتە بەردەم بەرپرسان دیاری بکەن؟ هەروەها ئاستی ڕێکخراوبوون وکۆبوونەوە ویشتیوانی خەڵك لەوداواکاریانە لە چ ئاستێکە؟**

**بەڕێز شکار عوسمان چالاکوانی مەدەنی وەڵامی پرسی ڕۆژی داوینەتەوە:**

لە دواى ئەو پەراوێزخستنەی قەزای کفری لەلایەن حکومەتی هەرێم و ئیدارەی گەرمیانەوە، لە سەرەتاى ئەم ساڵەوە(٢٠٢٣) کۆمەڵێك گەنجی شارەکە بڕیارياندا کە چالاکیەك بکەن بۆ گەیاندنی دەنگی خەڵکی قەزاکە. دواى چەندین کۆبوونەوە و بینینی سەدان کەسایەتی شارەکە بڕیاری مانگرتنیاندا . لە ڕۆژی ١٠ی تەموزی ئەمساڵدا مانگرتنەکە دەستیپێکرد. هەر لە سەرەتاوە سەدان گەنج ئامادەبوون و خێمەیان هەڵدا، خۆشبەختانە دواتر تەواوی چین و توێژەکانی شار هاتن بەدەم مانگرتنەکەوە و بەیەکەوە و بە یەك هاوار زامەکانی کفریان بەگوێی بەرپرسانی حزبی وحکومی هەرێمی کوردستان ودونیادا دا . داواکارییەکانی خەڵکی قەزای کفری لە ٤٠ خاڵدا خۆی دەبینێتەوە؛ لەوانە هەلی کار و گۆڕینی قایمقام و هەڵگرتنی باج لەسەر هەر کارگەیەك کە بیەوێ لە کفری هەلی کار ببەخشێتە گەنجان، باشترکردنی خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی و ڕێگەوبان ...تاد و چەندین داواکاری ڕەوای دیکە کە ئەو شارە پێویستی پێیەتی. سەرەتا وەك هەمیشە حکومەت و لایەنە بەرپرسەکان گوێی خۆیان لە دەنگی شارەکە داخست! بەڵام دواتر کە بۆیان دەرکەوت هاواری کفری هاوارێکی گشتیە، ناچاربوون وەڵامێکیان بدەنەوە وبێن بەدەنگیانەوە. لە سەرەتادا سەرۆکی حکومەت بەڵێنیدا لیژنەیەك دروستبکات بۆ بەدەنگەوە هاتنی شارەکە. دواتر دەیان وەزیر و نوێنەری سەرۆکایەتی حکومەت هاتن بەدەنگمانەوە. دواى ئەوەی سەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی حکومەت دەیان بەڵێنیاندا، هەندێك لە بەڵێنەکانیشیان ڕاستەوخۆ جێبەجێکرد. مانگرتوانیش دواى ٣٢ شەو و ڕۆژ مانگرتنەکەیان وەستاند، و مۆڵەتی ٥٠ ڕۆژیان بە لایەنە بەرپرسەکانداوە بۆ جێبەجێکردنی بەڵێنەکانیان.

**داواکارییەکانی خەڵکی قەزای کفری لە ٤٠ خاڵدا خۆی دەبینێتەوە؛ لەوانە هەلی کار و گۆڕینی قایمقام و هەڵگرتنی باج لەسەر هەر کارگەیەك کە بیەوێ لە کفری هەلی کار ببەخشێتە گەنجان، باشترکردنی خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی و ڕێگەوبان ...تاد و چەندین داواکاری ڕەوای دیکە کە ئەو شارە پێویستی پێیەتی...**


## کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازادا!

بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبڕاوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوەو ڕەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی...

بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەککگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سێبەریان، دەیانەوێ بەلارێ، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تالانی دەسەلات و کۆمپانیاکانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەکان... بە ئێمە بگەیەنن. بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی ڕاستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..

bpeshawa@gmail.com

www.bopehsawa.ne



# هەڵەبجەو شەنگال، کەبوونە قوربانی دینی ئیسلام و کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی!

## هاوژێن رەشید

هەڵەبجەو شەنگال و زۆر جێگای دیکەی کوردستان، بەبەرچاوی دنیا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە، خاپور و دانیشتوانەکەشی بە دڕندانەترین شێوە کوشتار و ئەنفال کران. چ هەڵەبجەو ناوچەکانی تری کیمیاباران کراو ئەنفالکراو و چ شەنگال و موسڵ و دەوروبەری... بوونە قوربانی دەستی دڕندەیی رژێمی بەعس و دنیای کەڕی قازانج پەرستی بۆرژوازی و کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی و دڕندەیی ئیسلام و کۆرپەی ئەو ئیسلامە، داعش.

دیکتاتۆر سەدان حسێن، سەرۆکی پێشووی کۆماری عێراق، بە ئایەتی ئەنفال هەڵەبجەو چەندین جێگای دیکەی وێران کرد و ئەوەی دەبوو ئەوە ڕوویدات. بۆ ئەوەش بوونی هێزەکانی سوپای پاسدارانی ئیرانی کردە بیانوو کە حزبە کوردییەکان بەتایبەتی" یەکێتی نیشتیمانی کوردستان" هۆکاری هاتنی ئەو پاسدارانە بوون بۆ ناو شاری هەڵەبجە. ئەو مادانەشی رژێمەکەی سەدام بەکاریهێنان لەدواییدا دەرکەوت، چەکە کیمیاییەکەی لە ئەڵمانیا کڕیووە. ئەمریکا و رۆژئاوا لێگەڕان و بێدەنگەیان لێکرد، ئەمانە رووبدەن، تاوەکو بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی روون بێتەوە کە رژێمی بەعس خوێنڕێژ و تاوانبار و دژە مرۆڤایەتییە. چونکە بەرژەوەندی ئەوان لەگەڵ بوونی سەدام حسێن لەسەر حوکم بەرەو تەواو بوون دەچوو و وە دەبوایە بە چەند بیانویەک کۆتایی بەدەسەڵاتەکەی بهێنن.

لەبەرامبەر بەو تاوانکارییە ئاشکرایەدا، ئەمریکا و رۆژئاوا، بۆ هەبوونی بەڵگەی زیاتر ئەو هەموو ئەنفال و کیمیابارانە کرا و جیهان تێوە ڕاما، تا گوایە بەڵگەی تەواوەتی بەدەست بێنن. لەلایەکی ترەوە شەنگالیش بەهەمان شێوە تاوەکو جیهان بزانێ ئێزیدیەکان ستەم لێکراون و دەستدرێژی کراوەتە سەر ژنان و منالانیان و پیاوەکانیشیان تیرۆر و کوشتار کراون. واتە بۆ دەستکەوتنی بەڵگە، ئەو کوشتارە و زیندانەکان و گەندەڵی و تاوانیتر بەس نین و دەبێ هەموو جارێ دەیان و سەدان و هەزاران مرۆڤ، ببنە قوربانی تا وەکو رۆژئاواو وڵاتە نەتەوەیەکگرتوەکان بێنە دەنگ، هەروەکو چۆن دیکتاتۆرەکانی تریان لە گۆڕنان بەهۆی کۆمەڵکوژی جولەکەکان و چەندانی تر. وە بۆدینی ئیسلامیش بەهەمان شێوە. ئەی چۆن سەلماندبایان کە هێزی ئیسلان توندڕەو و دژە مرۆڤایەتییە؟ هەر بۆیە خەڵکی شەنگال و موسڵ و هەڵەبجەو چەندین شوێنی تر، بەراستی بوونە قوربانی دەستی دڕندەکانی ناوچەکەو دنیای بێدەنگی بەرژەوەندخوازی ئەو کاتە، بەتایبەتیش ئەمریکا و غەرب.

نابێ لەو نێوەدا رۆڵی نامرۆیی هیزە دەسەڵات بەدەستەکانی ناوچەکە، فەرامۆش بکرێت، ئەگەر هێزەکانی پیشمەرگە توانای بەرگریان نەبوو وەکو خۆیان دەڵێن!! بەڵام خۆ دەکرا خەڵکی شەنگال و ناوچەکە ئاگادار بکەن کە ناتوانن بەرگری بکەن، بۆ ئەوەی خەڵک رێگایەکی دەربازبوونی بدۆزیایەوە و ئەو هەموو قوربانی و تاوانکارییە رووی نەدابا. بەڵام بەرگری نەکردن و ئاگادار نەکردنی خەڵک لەوەی کە بەرگری ناکەن، بەکردەوە خەڵکی شەنگال و ناوچەکەی بەدەستی بەستراوەوە رادەستی دڕندەکانی داعش کرد و ئەو تاوانە گەورە کەم وێنەیە روویدا. هەروەها بەرژەوەند خوازی ئەمریکا و غەرب و هەر لە دروستکردنی رەوتە ئیسلامیەکان و بە دانپیانانی خۆیان دروستکردنی داعش، ئەو تاوان کارییە گەوەرەیە کە بۆ هەمیشە بە تەوێڵی ئەمریکا و غەرب و هاوشیوەکانیانەوە دەمێنێتەوە. فرمیسک رشتنی ئیستای هەموو لایەنەکانی بەشدار لە تاوانی هەڵەبجەو و شەنگال و شوێنەکانی تردا، ناتوانێت زەرەیەک ئابڕوو بۆ ئەو هێزانە بگێڕێتەوە، کە بوونە مایەی قوربانی سەدان هەزار ئینسانی بێ تاوان. کە دیارە زەرەیەک ئابڕوو وە هەستی مرۆڤایەتیان نییە، لەبەرامبەر بە ویست و بەرژوەندیەکانی خۆیاندا.



# بریکس (BRICS)درکێك لە گیانی رۆژئاوا

# چارەنوسی نەتەوە لەو نێوەدا، کورد وەك نموونە

# BRICS vs G7

بریکس BRICS کورتکراوەی ناوی حەوت دەوڵەتی گەورەی جیهانە (برازیل و روسیا و هندستان و چین و ئەفریقیای باشور) چ لە رووی دانیشتوانەوە چ لە روی هێزی کار و داهات و سەرچاوەی سروشتیەوە. لە دوای جەنگی جیهانیەوە و بەتایبەتتر لە دوای روخانی بلۆکی کۆمۆنیستی سۆڤیەتەوە وڵاتانی غەربی بەتایبەت ئەوروپای رۆژئاوا و باکوری ئەمریکا (ئەمریکا و کەنەدا) قۆرخی نەک هەر سیاسەتی دنیا بەڵکو ئابوری دنیایان کردووە و لەوێوە دەسەڵاتی پاوانخوازی خۆیان بەسەر دنیادا سەپاندووە. بانکی نێودەوڵەتی، سندوقی دراوی نێودەوڵەتی, بانکی جیهانی و دواینیان گروپی حەوت گوایە حەوت دەوڵەتە پیشەسازیە گەورەکەی جیهان لە خۆ دەگرێت ئەوانیش ئەمریکا و کەنەدا و بەریتانیا و ئەڵمانیا و ئیتاڵیا و یابان و فەرەنسا.

بریکس کە لە ساڵی ٢٠١٠ ەوە دامەزراوە و سەرەتا بە شەش وڵاتی دەستی پێکردوو و ئیستاش وا خەریکە بەرەو فراوانتر بوون دەچێت و وڵاتە گەورە و تازە دەرکەوتوو و دەوڵەمەندەکانی جیهان ناوی خۆیان نوسیوە تا ببن بە ئەندام تێیدا لەوانە سعوودیە و تورکیا و میسر و جەزائیر.

بریکس لەگەڵ ئەوەی رێکخراوێکی ئابورییە، بەڵام چارەنوسی سیاسەتی جەمسەرەکانیش دیاری دەکات بە دەوڵەتەکان و کیشوەرەکانیشەوە. هەروەک چۆن پەیماننامەی بریتن وود کە لە دوای تەواوبوونی جەنگی جیهانی دووهەمەوە دروست بوو وە سیستەمێکی مالی و ئابوری و بگرە سیاسیشی دانا بۆ وڵاتانی بلۆکی رۆژئاوایی و بگرە تارادەیەک هەموو جیهانیش گرتەوە، بریکس لەو بریتنوودە دەچێ و ئەگەرەکان زۆرتر بەو ئاراستەیەدا دەچێت کە چارەنوسی سیستەمی مالی و ئابوری و سیاسی ئایندەی جیهان دیاری دەکات. لێدانی دراوێکی تایبەت بە وڵاتانی بریکس واتە کۆتاییهاتنی هەژموونی دۆلاری ئەمریکایی بەسەر جیهاندا هەروەک چۆن ئیستا کۆتایی هاتنی سیاسی دەسەڵاتی پاوانخوازی ئەمریکا دەبینین لە جیهاندا.

بێگومان بریکس لە بەرامبەر روح زلی و زۆڵمی گروپ حەوت دروست بوو بۆیە هیچ یەکێک لە وڵاتانی بلۆکی رۆژئاوا ئامادەنین ببن بە ئەندام یاخود وەک چاودێر و میوانیش بەشدار بن و بگرە بریکس بە دژە جی سەڤنی خۆیان دەبینن؛ کەچی لەم هەفتەیەدا یەکێک لە وڵاتە گەورەکانی بلۆکی غەربی داوای کرد بەشدار بێت لە کۆنگرەی ساڵانەی بریکس کە لە کۆتایی مانگی هەشتی ئەمساڵدا لە شاری دوربانی ئەفریقیای باشور سازدەکرێت. فەرەنسا بە رەسمی داوای لە ئەفریقیای باشور کرد کە دەیەوێ وەک میوانێک بەشداری کۆبوونەوەی ساڵانەی بریکس بکات. ئەمە تەنها هەواڵێکی راگوزەر نییە، بەڵکو رووداوێکی گەورەیە یاخود بڵێم گورزێکی گەورەیە لە بلۆکی رۆژئاوا. ئەنجام و رەهەندەکانی ئەم هەواڵە دەکرێ لە نوسێنێکی تردا باس بکرێ بەڵام خودی هەواڵەکە وەک هەورە تریشقەیەک وایە لە رۆژێکی گەرمی هاویندا.




گەر بەم چەند ئەندامەی ئێستایەوە بریکس بەراورد بکەین بە گروپی حەوت G7ئەوا ژمارەکان لە قازانجی BRICSدەبن. بۆ نموونە: ژمارەی دانیشتوانی بریکس لە ئیستادا لە ٤١,٥٪ کۆی دانیشتوانی هەموو جیهانە. داهاتی ساڵانەی ساڵی رابردووی بریکس ٣١,٥٪ کۆی داهاتی هەموو دانیشتوانی جیهانە لە کاتێکدا G7دابەزی بۆ ٣٠٪. هەروەها توانای هێزی کڕین (PPP)ی وڵاتانی بریکس لە سەرووی وڵاتانی گروپی حەوتەوە بووە. پرسیار ئەمەیە: ئایا گەر ئەو وڵاتانەی تر کە داوایان کردووە ببن بە ئەندام لە بریکس ئاخۆ ئەو ژمارانە چەند پلەی تر بەرز دەبنەوە؟!

نەتەوە لەو نێوەدا...

ستراتیجێک کە ئەم رێکخراوانەی بەتایبەتی بریکسی لەسەر دروست بووە ئابورییە بە پلەی سەرەکی. ئابوریش چڕترین هاوکێشەیە کە مەسەلەکانی تێدا بەیەکەوە دەبەسترێتەوە. لێرەدا مەسەلەی نەتەوە یاخود روونتر بڵێم ئەو وڵاتانەی کەمینە نەتەوەییەکانی تێدا هەیە، وەک تورکیا گەر ببێتە ئەندام لە بریکس، ئەوا پرسی نەتەوەیی لەوانە کورد خۆی لەبەردەم دەرگایەکی قایمتردا دەبینێتەوە. دیارە ئەو ئەزمونە تاڵەی نەتەوە ژێر دەستەکان لە دنیای وڵاتانی گروپی حەوت دیتیان مەرج نییە لە دنیای بریکس بەو ئاستە بیبیننەوە، چونکە پێکهاتەی مێژوویی و و جوگرافی و دیموگرافی وڵاتانی بریکس جیاوازترە لە هی گروپی حەوت. زۆربەی وڵاتانی بریکس بە پێچەوانەی وڵاتانی گروپی حەوت لە بنەڕەتەوە وڵاتانی فرە نەتەوە و فرە ئاین و فرە فەرهەنگ و قوربانی دەستی کۆڵۆنیاڵیزمن، بۆیە لە ئارام بوونەوەیەکی جیهانی بریکسدا لەوەیە مەسەلەی نەتەوە ئاراستەیکی جیاوازتر بگرێ کە من پێم وایە باشتر دەبێ لەو دنیایەی رۆژئاوا هەرچەندە باش بوونەکە رێژەیی بێت. لەبەر درێژ نەکردنەوەی بابەتە و گرنگی بابەتەکەش لێرەدا هەر ئاماژە بەو چەند سەرخەتەی سەرەوە دەدەم.

تێبینی: هەر هاوڕێ و دۆستێک سەرچاوەی ئەو زانیاریانەی بوێت ئەوا بۆی دەنێرم!

**نووسینی: ئیدریس مستەفا**



پرسی ژن

؟

بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکیدا لە ڕێگای وتار، دیمانە، ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە...

بەرپرسی گۆشە: هاوژین ڕەشید

haw1986zhin@gmail.com

# ماڵی بابم پشتیان نەگرتم، ناچار مێردەکەمم بە کوشتدا!

**هاوژین ڕەشید**

یەکێک لە ئازارەکانی ژنبوون، بریتی یە لە هەڵگرتنی کۆڵی شەرەف و ئابڕووی بنەماڵەیەک و هەندێ جار دوو سێ بنەماڵەشە؛ بێ ئەوەی هیچ کام لە ئەندامانی ئەو بنەماڵانە، تۆزقاڵێک نیگەرانی کەسایەتی ئەو کچەی خۆیان بن.

ئەو ناونیشانەی سەرەوە، قسەی ژنێکە کە لەو ڕۆژانەدا لە باشووری کوردستان، لە ڕێگای کەسێکیترەوە پیلانی کوشتنی هاوژینەکەی داناوەو لە پیلانەکەشی سەرکەوتووبووە و بابی منداڵەکانی کوشتووە.

کاتێ پێشکەشکاری کەناڵێکی ڕاگەیاندن لێ دەپرسێت، بۆچی کوشتت؟

دەڵێ کە ژیانی زۆر ناخۆشبووە لەگەڵی و ماوەی پانزە ساڵە هیچ ژیانێک خۆشیان نەبووە. جگە لەوەش نەیویست شتی زیاتر بدرکێنێت کە پیاوەکەی چی پێکردووە. وادیارە لەبەر ڕوشانی کەسێتی خۆی وای پێ باشبوو قسەی زیاتر نەکات.

ئەوەی جێی سەرنجبوو ئەوەبوو کە ژنەکە، باسی لەوەکرد کە هیچ ڕێگایەکیتری بۆ نەمابۆوە بۆ دەربازبوونی لەو هاوسەرگیری یە. زۆرجار داوای جیابوونەوەی لێکردووە کەچی قبوڵی نەکردووە. لەولاشەوە ماڵی بابی نەیانهێشتووە بڕواتەوە ئەوێ و لە مێردەکەی جیابێتەوە، بەبیانووی عەیبە و قسەو قسەلۆکی خەڵکی! دیارە کە هیچ جێگاو شوێنێکیتر و سەرچاوەی داراییتری نەبووە تا بتوانێ بەتەنیا شان بداتە بەر سەختیەکانی ژیان و بەخێوکردنی منداڵەکانی.

ماوەتەوە بڵێین، کوشتن هیچ کاتێک چارەسەری کێشەکان نی یەو هەروەکو ئەو ژنە چۆن پەشیمانە، ئاوا پەشیمانی لەدوایە بەڵام دوای چی؟ ئەوەی بوو بە قوربانی ئەو منداڵانەن کە لەئەنجامی بەیەکگەییشتنی ئەو ژن و پیاوەدا دروستبوون. بێ تاوان و بێ کەس کەوتنە بەر میهرەبانی تیغی ڕۆژگار.

هەربۆیە باب و براکان یان بڵێین ماڵە باوان، خۆزگە دەکرا زیاتر بەتەنگی گیانی کچەکانیانەوە بن و هیچ نەبێ لێکۆڵینەوەی وورد بکەن لەسەر دۆخی کچەکەیان هەرکاتێ کچەکەیان سکاڵای لە دژی مێردەکەی کرد لەلای ئەوان. ئەگەر بە بیانووی شەرەف و ئابڕووچوونەوە دەست بە ڕووی ئەو ئافرەتەوە بنێن، ئەوا هیچ دوور نی یە کە کارەساتی زیاتری بەدواوەبن

لەبەرئەوە، بیرکردنەوەو بڕیاری ژیرانەو لە خەم بوونی کەسایەتی مرۆڤەکان و بەهاناوە چونیان پێش مەسەلەی شەرەف یان هەرشتێکیتر، زامنی ئارامی و پارێزراوی ژیانی ژنان و منداڵانە. هەمیش پشتیوانی ژنان وادەکات دووربن لە تاوان و هەستکردن بە بێ کەسی و بێ چارەیی و سەرلێشێوان.

# جێنی مارکس

## وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: هاوژین ڕەشید



جێنی مارکس جۆهانا بێرثا جولی ئیدلە ڤۆن وێستفۆڵن (جێنی مارکس)، ژنێکی بە ڕەگەز ئەڵمانی بووە. لە سازوەدەل لە شانشینی پڕوسیا لە ١٨١٤/٠٢/١٢ لەدایکبووەو لە ١٨٨١/٠٢/١٢ کۆچی دوایی کردووە. لە گۆڕستانی های گەیت لە لەندەن بە خاک سپێردراوە. ڕەخنەگرێکی شانۆیی و چالاکوانێکی سیاسی بووە. ساڵی ١٨٤٣ هاوسەرگیری کردووە لەگەڵ فەیلەسوف و تیۆریزانی مەزن: کارل مارکس. حەوت منداڵیان بووەو چوار لە منداڵەکانیان بە بچوکی مردوون. باوکی جێنی (Ludwig Von Westphalen)خزمەتکارێکی مەدەنی بووە و دایکیشی لە خێزانێکی مامناوەند بووە. براکەی جێنی (Edgar Von Westphalen)هاوڕێ و هاوپۆلی مارکس بووە. براکەیتریشی (Ferdinand)وەزیر بووە لە حکومەتی پڕوسیا. جێنی و مارکس بە منداڵی یەکتریان ناسیوە. جێنی چوار ساڵ لە مارکس گەورەتربووە. کاتێ هەرزەکاربوون، بوونە هاوڕێی نزیکی یەکتری. هەردووکیان خوێنەری باش و کەسانی ئەدەبی بوون. بەپێی قسەکانی مارکس، جێنی جوانترین کچی گوندی Trier بووە کاتی خۆی. باوکی جێنیش کە هاوڕێی باوکی مارکس بووە، بەهەمان شێوە هاوڕێیەتی مارکسی هەرزەکاری کردووە و زۆر جار لەگەڵیدا بۆ پیاسەکردن ڕۆشتوون و باسی فەلسەفە و ئەدەبی ئینگلیزییان کردووە. جێنی و مارکس ساڵی ١٨٣٦ ئەڵقەی دەزگیرانییان گۆڕی یەوە. بە ڕێکەوت لە ١٩٤٣/٠٦/١٩ لە کەنیسە هاوسەرگیرییان کردووە. دوای هاوسەرگیرییان، جێنی و کارل چونە Rue Vaneauلە پاریس و بوونە هاوڕێی شاعیری ئەڵمانی ی einrich Heineکە لە Rue Matigon دەژیا. ساڵی ١٨٤٤ جێنی بەتەنیا لەگەڵ منداڵەکەی (Jennychen)ڕۆیشتەوە بۆ سەردانی دایکی. پۆلیسی فەرەنسی کارل مارکس و جێنی هاوسەری کە دووگیان بوو، لێک دوورخستنەوە. بەوەش لەدایک بوونی لەوڕای کچیان لە بڕوسێل بوو. لە ساڵی ١٨٤٨ پۆلیسی بڕوسێل جێنییان دەسگیرکرد و فەرمانی دژە کۆچبەرییان بۆ دەرکرد و ناردیانەوە. مارکسیەکان گەڕانەوە پاریس و پاشانیش چوونە کۆڵن. شۆڕش لە زۆرێک لە وڵاتە ئەوروپیەکاندا سەری هەڵدا لە ساڵی ١٨٤٨ بە دەوڵەتی ئەڵمانیاشەوە. ئەوەش ڕێک کاتی مانیفێستی کۆمۆنیستی بوو. دەزگا حکومیەکانی پڕوسیا مارکسیان ناردەوە بۆ وڵاتی فەرەنسا. دوای ئەوە، ئەویش کۆچی کرد و لەگەڵ خێزانەکەی ڕۆیشتن بۆ لەندەن. لە ساڵی ١٨٤٩-١٨٥٠ مارکسیەکان لە Dean Streeدەژیان. لە ساڵی ١٨٥٦ مارکسیەکان ڕۆیشتن بۆ Grafton Terraceلە نزیک گردی هامستێد ژیانیان بەسەردەبرد بەو پارەیەی کە دایکی جێنی بۆی ناردن دوای مردنی لە ساڵی ١٨٥٦. خانوی 9 grafton terrace، حەوشەیەکی بچوکی هەبوو. خانوەکە دوو قات بوو و حەوت ژوور بوو بە چێشتخانەکەشەوە. فەیلەسوف Leszek Kolakoskiلەبارەی ژیانی خێزانی مارکسەوە زانیاری نوسیوە. لە ساڵانی دواتردا، جێنی دەینالاند بەدەست ئازاری هەناویەوە. نەخۆشیەکەشی دەستنیشانکرا بەوەی شێرپەنجەی جگەری هەبوو. پاش ئەوەی سەردانێکی خێزانییان کرد بۆ فەڕەنسا، جێنی لە شاری لەندەن لە تەمەنی ٦٧ساڵیدا کۆچی دوایی کرد لە ڕۆژی ١٨٨١/٠٢/١٢. لە گۆڕستانی های گەیت نێژرا بەهەمان شێوەی مارکس لە ١٩٥٧ ڕووفاتەکانیان گوازرایەوە بۆ گۆڕە تازەکەیان لە های گەیت. کارەکانیشی ئەوانەی خوارەوەن. کە تەنیا کۆپیم کردوون و وەک خۆی دامناونەوە. 1. Short Sketch of an Eventful Life (1865–1866)[15] 2. Aus der Londoner Theaterwelt. In: Frankfurter Zeitung und Handelsblatt, Frankfurt am Main, No. 328, 21 November 1875 3. Londoner Saison. In: Frankfurter Zeitung und Handelsblatt, Frankfurt am Main, No. 95, 4 April 1876 4. Englische Shakespeare-Studien. In: Frankfurter Zeitung und Handelsblatt, Frankfurt am Main, No. 3, 3 January 1877 5. Shakespeares "Richard III" im Londoner Lyceum-Theater. In: Frankfurter Zeitung und Handelsblatt, Frankfurt am Main, No. 39, 8 February 1877 6. Vom Londoner Theater. In: Frankfurter Zeitung und Handelsblatt, Frankfurt am Main, No. 145, 25 May 1877 7.Die hervorragendesten Pers□nlichkeiten der englischen Salonwelt. In: Der Sprudel. Allgemeines deutsches Bade-Journal, Wien, IX. Jg., No. 3, 18 May 1879 8. Irving at home. In: Der Sprudel. Allgemeines deutsches Bade-Journal, Wien, IX. Jg., No. 7, 23 June 1879



**لە ئینگلیزییەوە کراوە بە کوردی**

گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان رێك دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر،وریای رەسام، حەکیم میرزا

# هایدە... ئەو دەنگە ئەفسوناوییە بێ رکەبەرەی ئێران

## لاپەڕەی دیوە شاراوەکانی هایدە

### ئامادەکردنی: جەمال نوری

هایدە، بەرەچەڕەک کوردەو ناوی ڕەسمی خۆی ( مەعسومە دیدە باڵا )یە و لەساڵی ١٩٤٢ لە شاری کرماشان هاتۆتە دنیاوە.

هایدە، خوشکی گەورەی گورانیبێژ مەهەستی یە.

خاوەن دەنگێکی بولبول ئاسا بووەو دوو دەیە بەدەنگەکی سەرسامی کردوین، هەرچەندە زۆربەی زۆری هەواڵە میدیایەکان پێیان وایە، لەدایک بوی تارانە، بەڵام لەڕاستیدا هایدە کچی محمد دیدە باڵایە و کوردەو خەڵکی کرمشانە و دایکیشی بە ڕەچەڵەک بولغاریە،

هایدە لەتەمەنێکی کەم دا کە تەمەنی ١٣ ساڵە شودەکات بە بیژەن موراد و سێ منداڵی لێ دەبێت بەناوەکانی (کامەران)(کەیوان) (گیانوش).

هایدە تەمەنی دەگاتە ١٥ساڵ هەر دوو کوڕەکەی هێناوەتە دنیاوە، لەڕێگای یەکێک لەبەردەستەکانی دایکی محمد ڕەزا شای پەهلەوی، خۆی و مەهەستی خوشکی دەچنە کۆشکی شاوە و وەک خزمەتکارێک لەناو کۆشکی شادا کاردەکەن، لەهەموو ئاهەنگە ژنانیەکانی دایکی شادا گۆرانیان وتوە، دەبنە جێگای بایەخی مۆزیک ژەنەکانی ناو ئاهەگەکانی شانشا.

**قەدەری هونەری هایدە..**

کاتێکیش ئۆکستراکەی تاران عەلی تەجویدی لەیەکێک لە ئاهەنگەکانی شادا گوێبیستی دەنگی ئەو دوو خانمە دەبێت داوا لەدایکی شا دەکات کە ڕێگایان بدات ئەو دوو دەنگە بباتە دەرەوەی کۆشک تا ڕاهێنانیان پێ بکات و پەروەردەیان بکات.

دواتر هایدە دەباتە ڕادێۆی تاران و بەرنامەی گولها لەڕادیۆ بە بێ ئاگاداری مێردەکەی بەڕێوە دەبات.

ئەو بەرنامەیە بەرنامەیەکی هونەریە کە دەنگی هونەرمەندە دەنگ خۆشەکانی ئێران بەسەر دەکاتەوە و دوای کۆتایی بەرنامەکەش بەگۆرانییەک بەدەنگی خۆی کۆتایی بە بەرنامەکەی دەهێنێت.

دواتر مێردەکەی پێی دەزانێ و ڕێگای نادات لەڕادیۆ کار بکات، سەرئەنجام هایدە دوای شەش ساڵ هاوسەرگیری لەگەڵ بیژەن موراد جیادەبێتەوە... بەردەوام دەبێ لە گۆرانی و موزیک و کارکردنی لەڕادیۆ.

**ژیانی پیشەییانەی هونەری هایدە...**

هایدە لەڕێگای پەروەردەکردنی دەنگی لەگەڵ ئۆکسترای بەناو بانگی ئێران دا، دەبێتە خاونی دەنگێکی بێ ڕکابەری سەر سورهێنەر لەسەرانسەری ئێراندا... خۆی سەرقاڵ دەکات بە گۆرانیە سونەتیەکانی ئێران و وتنەوەی شیعری غەزەڵی شاعیرانی بەناوبانگی ئێران لە ڕێگای دەنگە بەجۆشەکەیەوە هێندەی تر دەنگی دایەوە.

دەنگی هایدە لەزانستی دەنگ و جوانی ئەدای دەنگیەوە لەمێژوی هونەری ئێران دا لەوێنەی نەبوەو بێ ڕکابەر بووە.

مەگەر تەنها ژنە گۆرانی بێژی دەنگ خۆش (دڵکەش) ی گۆرانیبێژی چەند دەیەی پێشتر نەبێ، کە نزیک بووە لە دەنگ و ستایلی هایدەوەو خاوەنی دەنگێکی خۆش بووە.

هایدە، جگە لە گۆرانی وتن، شارەزایی لە ژەنینی ئامێرەکانی موزیک هەبووەو شاگردی مۆزیک ژەن و ئاواز دانەری بەناوبانگی ئێرانی (علی تەجویدی) بووە. ئەم مامۆستایە، مامۆستای (دڵکەش) یش بووە.

**هایدە و جێ هێشتنی یەکجارەکی نیشتمانی دایک...**

لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لەئێران لەساڵی ١٩٧٩ دا، هایدەش، وەک باقی هونەرمەندانی تری ئێران، وڵات بەجێ دەهێڵن و ڕودەکاتە لەندەن، بەجێ هێشتنی ئێران، بۆ هایدە، یەکێک دەبێ لە تاڵترین و دژوارترین ڕۆژگاری ژیانی. بە دوورکەوتنەوەی لەتاران، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ غوربەت و غەریبی وڵات، ناخی دەخوات و بە تاڵترین ڕۆژگارەکانی تەمەنی ناو دەبات و بەهیوای ئەوە دەژی کە ڕۆژێ بێت و جارێکی تر تاران ببینێتەوە.



لە لەندەنیش لە نزیک و لەگەڵ خێزانی شای ئێران فەرەح دیبا پەهلەوی دوستایەتی دەمێنێتەوەو دواتر بۆ شاری لوس ئەنجلسی ئەمریکا بەیەکجاریەکی کۆچ دەکات و لەوێ دەمێنێتەوە.

**پەیوەندی نێوان هایدە و سەدام حسین**

لەدوای ڕێکەوتنامەی جەزائیر لەساڵی ١٩٧٥ دا شای ئێران داوەت نامەیەکی فەرمی بۆ سەدام حسینی سەرۆکی پێشوی عێراق دەکات و، لەو ئاهەنگە تایبەتەی شا کە بۆ سەدام حسینی ڕێکخستووە، هەردوو خوشک هایدە و مەهەستی گۆرانی تیا دەڵێن و سەدام حسین زۆر سەرسام دەبێ بە دەنگی هایدەو دوای گەڕانەوەی بۆ بەغداد، داوەتێکی فەرمی هەردوو خوشکەکە و محمد حیدەری ئاوازدانەری ئێرانی دەکات و دوای ئاهەنگەکەش تاقمێکی (زمرودی) گران بەها کە بەردێکی پیرۆزە پێشکەشی هایدە دەکات و تاقمێکی (یاقوت) دەداتە مەهەستی و تاقمێکیش دەنێرێ بۆ (زینەت) خانمی دایکیان.

هایدە یەک ڕۆژ دوای کۆنسێرتی لەشاری سانتراسیسکۆ ی وێلایەتی کالیفۆرنیای ئەمریکا توشی جەڵتەی دڵ دەبێت ولەساڵی ١٩٨٩ تەمەنی ٤٧ ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات و بە ئامادەبوونی هەزاران کەسی ئێرانی و هونەرمەندانی هاوڕێی لە گۆڕستانی بەناوبانگی لوس ئەنجلس دوور لەزێدی نیشتمانی بەخاک دەسپێردرێت...

**سەرچاوە / ڕادێوی دەنگی ئەمریکا**

# عەشقێکی شێتانە لە دوورەوە

### وەرگێرانی: هاوژین ڕەشید


خانمێک بە ناوی مەی زیادە عاشقی جوبران خلیل جوبران بوو زۆر شێتانە. بۆ ماوەی زیاتر لە ٢٠ساڵ نامەیان گۆڕی یەوە بێ ئەوەی یەکتری ببینن. بیست ساڵ جوبران لە نیویۆرک دەژیا و مەی لە قاهیرە .جارێکیان لە نامەیەکدا جوبران خەلیل جوبران، داوای وێنەیەکی لە مەی کرد تا بزانێ ڕوخساری



چۆنە. ئەویش گوتی :لە خەیاڵی خۆتدا لێکی دەوە بزانە چۆنم . وەڵامی دایەوە: واهەستدەکەم پرچت کورتە و دەوری ڕوخسارتی داوە .خێرا مەی چوو بۆ ساڵۆن و قژە درێژەکەی بڕی و وێنەیەکی گرت و بۆ جوبڕانی نارد .کاتێ دیتی، گوتی نەمگوت پرچت ئاوایەو ڕوخسارت وایە؟ دیتت ڕاستمکرد؟ مەی بۆی نوسیەوە: لەڕاستیدا خۆشەویستی ڕاستی کرد !کاتێ جوبران خەلیل جوبران مرد، مەی لەتاوان توشی نەخۆشی دەروونی بوو و خرایە نەخۆشخانەی دەروونی یەوە و لەوێدا مایەوە هەتا مرد

## یەکێك لە شاکارەجوانەکانی هونەرمەندی وێنەکێشی ئێرانی "ڕەئوف حەقیقی" بە ناونیشانی "بیانبەن و وازم لێبێنن"

لە بەدبەختیەکانی ژن لە کۆمەڵگەی شەرقیدا ئەوەیە کە خۆی نابینرێت جگە لەو بەشە هەستیارانەی جەستەی.



بیرۆکەکە لەوپەڕی جوانی و حەقیقەتدایە سەرەڕای سەختی واقعەکە!!..

# شانە حیزبییەکان و ئاکسیۆنە کرێکارییەکان

## دەربارەی گرنگیی ئاژیتاتۆر و ئاژیتاسیۆنی ئاشکرا

### بەشی یەکەم

**پێشەکی...**

ئاکسیۆنی ناڕەزایەتیی کرێکاری وەک هەر دیاردەیەکی دیکە، ڕابردوو، ئێستا و ئاییندەی خۆی هەیە. لە مەسەلەگەڵ، پەیوەندی و داواکاری تایبەتییەوە سەرچاوە دەگرێت، سەرهەڵدەدا و پەرەدەسێنێ و لە سبەینێی کۆتاییهاتنیشیدا پەیوەندی، هاوسەنگی هێز، ورە و تێگەیشتنی جیاواز بەجێ دەهێڵێ. ئەوەی لە دەرەوە بۆی دەڕوانێت، ئاکسیۆنی کرێکاری بە گشتی، بە سەرهەڵدانیی بەکردەوەی ناڕەزایەتیی ئاشکرای بەکۆمەڵی دەزانێت. "کرێکارانی ئاسن توانەوە مانیان گرت"، "کرێکارانی کەنداو دوایی لەگەڵ پۆلیس و پاسداران دەستەویەخە بوون"، "کرێکارانی پیشەسازیی نەوت دەستیان داوەتە، کەمکاری" و لەم چەشنە. بەڵام ئاکسیۆنێکی کرێکاری بۆ هەڵسوڕاوانی کۆمۆنیست مانایەکی بەرفراوانتری هەیە. کاتێک کە ئێمە قسە لە دەخاڵەت لە ئاکسیۆنە کرێکارییەکان و ڕابەرییان دەکەین، دەخاڵەت و کاری ڕابەریی لە پرۆسەیەکدا، بە مانای پێش ڕوودانی ئاکسیۆن، کاتی ڕوودانی و دوای ڕوودانی لەبەرچاو دەگرین.

هەر ڕێنماییەک، یان کۆمەڵە ڕێنماییەک بۆ ڕۆشنکردنەوەی شێوەی دەخاڵەتی هەڵسوڕاوانی کۆمۆنیست و ڕێکخراویی کۆمۆنیست لە خەبات و ناڕەزایەتییەکانی هەر ئێستای کرێکاران، دەبێ ئەرکی کۆمۆنیستەکان لە هەر سێ دەورەی شکڵگیری، ڕوودان و کۆتایی ئاکسیۆنەکان ڕۆشن بکاتەوە. مانای دەخاڵەت و بەشداری لە ئاکسیۆنێکدا لە حاڵی ڕوودانیدا لە یەکەمین هەنگاودا ڕۆشن دێتە بەرچاو، بەڵام بیرۆکەی دەخاڵەت لە ئاکسیۆندا، پێش ڕوودانی، یان دوای کۆتاییهاتنی، لەوانەیە لە سەرەتاوە کەمێک سەیر بێتە بەرچاو. لە واقیعدا ئەمە ڕووی دووەمی مەسەلەکەیە و تا ئێستا لە باسەکانی ئێمەدا سەبارەت بە شێوەی مامەڵەی شانە حیزبییەکان لە بەرامبەر خەباتی ئێستادا، زۆرتر جێگەی سەرنج بووە و ئەوەی کە ئەوەندە باسی لێوە نەکراوە، پێداویستییەکان و شێوەی دەخاڵەتکردن لە ئاکسیۆن لە کاتی ڕوودانیدا بووە، هەر بۆیە ڕوونکردنەوەی زیاتری بەکەڵک دەبێت.

هەر ئاکسیۆنێک (بە مانای تایبەتی وشەکە واتە، یەک خەباتی ناڕەزایەتیی بەکردەوە و بەردەوام)، مۆری زەمینە و هەلومەرجی بابەتی و خۆیی پێش خۆی لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێ. هەر ئاکسیۆنێک لەسەر زەمینەی هاوسەنگییەکی دیاریکراوی نێوان هێزەکان و لە چوارچێوەیەکی هۆشیاریی سیاسی و پلەیەک لە ڕێکخراوبوون و ئامادەیی بۆ ڕێکخراوبوونی هەر ئێستای چینەکەدا شکڵ دەگرێت. بێگومان ئەم هۆکارانە لە درێژەی خودی ئاکسیۆندا گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، بەڵام لە دواشیکردنەوەدا تەنها بە ڕادەیەکی دیاریکراو دەتوانن لە ئاستی پێشوو واوەتر بچن. هیچ مانگرتنێک لە ئێرانی ئەمڕۆدا بە یەکجار لەسەر ٣٥ سەعاتکار، دەرچوونی هێزە سەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان یان ئازادیی بێ قەید و شەرتی بیروباوەڕ و ڕاگەیاندن لە هەموو وڵاتدا دەست پێ ناکات، هێرشی بۆرژوازی پاشەکشەی بەسەر بزووتنەوەی کرێکاری و هاوسەنگی هێزەکانی ئێستادا هێناوە و داخوازیگەلی کرێکاری، ناڕەزایەتییە هەمیشەییەکانی بۆ ئاستێکی نزمتر هێناوەتە خوارەوە.

هەر ئاکسیۆنێک هەنگاو هەڵهێناوەیەکی خەباتگێڕانەی کرێکارانێکی دیاریکراوە، بە هۆشیارییەکی سیاسی و توانایییەکی ڕێکخراوەیی دیاریکراوەوە، لەسەر زەمینەی هاوسەنگیی هێزەکانی ئێستا، وە یان بە تێگەیشتنێکی تایبەتەوە لە هاوسەنگی هێزەکانی ئێستا. چوارچێوە و بار و دۆخێکی گشتی، کە ناڕەزایەتییە خۆبەخۆ کرێکارییەکان لە چوارچێوەیدا شکڵ دەگرێت، لە لایەن ئەم هۆکارانەوە کەم تا زۆر لە پێشەوە دیاریکراوە. بەشداری لە ئاکسیۆن پێش ڕوودانی ئاکسیۆن، بە مانای دەخاڵەت و هەوڵدانە بۆ گۆڕانی ئەم بار و دۆخە و تێکشکانی ئەم چوارچێوەیە، مانای تێکۆشانە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و ڕێکخراوەیی کرێکاران و پووچەڵکردنەوەی هۆکارەکانی دووبەرەکی خستنەوە و فۆرموولەکردنی ئوسوڵیی دروشم و داواکارییە کرێکارییەکان و پێکەوەبەستن و ڕێکخراوکردنی کرێکارانی پێشڕەو و خاوەن نفوز و بەرزکردنەوەی گیانی خەباتکارانەی کرێکاران و شتی لەو چەشنە. ڕاکێشانی بەشێکی زۆرتری کرێکاران بۆ کۆمۆنیزم و ڕێکخراوبوونیان لە حیزبی کۆمۆنیستدا خۆی کاریگەرییەکی چارەنووس سازیشی لەسەر ئاستی خەباتی ناڕەزایەتیی داهاتوودا هەیە. هەڵسوڕانی هەمیشەیی شانەکان و هەڵسوڕاوانی کۆمۆنیستی لەنێو کرێکاراندا، هەروەها هاتنەناوەوەی تایبەتیی ئەوان لە هەر دەورەیەکدا، کە ناڕەزایەتیی هەمیشەیی بە شێوەیەک پەرە دەگرێ، کە ئاسۆی یەک ئاکسیۆن لە بەرامبەر کرێکاراندا دادەنێت، کاریگەری جیددی خۆی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەسەر توانایی و داوێنی ئاکسیۆنی داهاتوودا دادەنێت. چارەنووسی ئاکسیۆنی کرێکارانی کارخانەیەک کە بە دەوڵەت و خاوەنکارەکان خۆشباوەڕن و کۆمۆنیستەکان لە نێویاندا کاریان نەکردووە، فۆرموولەیەکی نائوسوڵی و ناڕۆشنیان لە داواکارییەکانی خۆیان هەیە و شتی تر لە پێشەوە دانراوە. بەشێکی گرنگ لە هەڵسووڕانی ڕۆتینی کۆمۆنیستەکان و هاتنە ناوەوەی تایبەتیی ئەوان پێش ڕوودانی ئاکسیۆن، لابردنی ئەم خاڵە لاوازانەیە. ئەمە هەر چۆنێک بێت، مانای دەخاڵەت و کاریگەریدانانە لەسەر چارەنووسی هەر ئاکسیۆنێکی داهاتووی کرێکاران.


ئەرکی کۆمۆنیستەکان دوای کۆتاییهاتنی ئاکسیۆنیش، کەم تا زۆر ڕۆشنە. جیا لەوەی ئاکسیۆن بە ئاکام گەیشتووە یان نا، گشت پرۆسەی خەبات، خاڵە لاواز و بەهێزەکانی دەبێ لێکبدرێتەوە و ئەم لێکدانەوەیە تا ئەو ڕادەیەی کە لە تواناداییە، لە بەرفراوانترین ئاستدا ببێتە شعووری گشتیی کرێکاران، یان لانی کەم ببێتە ئاگایی بەشی پێشڕەوتری ئەوان. ئەگەر دەستکەوتێک هەیە، دەبێ جێگیر بکرێت و پارێزگاری لێ بکرێت. ئەگەر تێکشکانێک لە ئارادا بووە، دەبێ هۆیەکانی شی بکرێتەوە و ببێتە بنەمای ئەزموونێک بۆ کرێکاران. دەبێ بەرهەڵستی لە بەرامبەر کاریگەریی عەمەلیی تێکشکان (دەرکردنی هاوڕێیانی کرێکار، دەستدرێژی خاوەنکار بۆ سەر مافەکانی تری کرێکاران...) ڕێک بخرێت. لە هەموو هەلومەرجێکدا، دەبێ بەرامبەر بە هاتنەخوارەوەی گیانی خەباتکارانە و دڵساردی و نائومێدی لە خەباتدا ڕابوەستین. هەر ئاکسیۆنێک زەمینە بۆ کاری چڕ و پڕی کۆمونیستی لەنێو جەماوەری کرێکاراندا فەراهەم دەکات، کە دەبێ بە باشی، کەڵکی لێ وەربگیرێت.

هەر چۆنێک بێت ڕوونکردنەوەی ئەرکەکانی شانە کۆمۆنیستییەکان لەپێش و لەدوای ئاکسیۆندا دژوار نییە. زۆر لە خاڵە گرنگەکان هەر ئێستا بە ڕێگەی جیاجیا ڕوون کراونەتەوە. ئەگەر ناڕۆشنییەک و گیروگرفتێک لە بارەی شێوە هەڵوێست لە بەرامبەر ئاکسیۆنەکاندا لە ئارادا بێت، لە بنچینەدا دەگەڕێتەوە بۆ مەسەلەی دەخاڵەت لە ئاکسیۆن و ڕابەریی ئاکسیۆن لە کاتی ڕوودانیدا، یانی لە کاتی ئاکسیۆندا (بە مانای تایبەتی وشەکە). لێرەدایە کە زۆرترین قووڵبوونەوە پێویستە. لێرەدایە، دەبێ بە دوای بیر و بۆچوون و ڕێنماییە ڕێنیشاندەرەکانەوە بین.

**ماویەتی**

# کوتەیەك لەسەر مێژووی پارتی کرێکارانی بەریتانیا!

لە هیچ وڵاتێکی ڕۆژئاوا، جگە لە شانشینی یەکگرتوو، پارتێکی سیاسی نییە بە ناوی پارتی کرێکاران. کرێکاران لە بەریتانیا هەمیشە لە خەبات و تێکوشاندا بوون بۆ گۆڕانکاری و ژیانێکی باشتر .حیزبی کرێکارانیش لە



ئەنجامی خەباتی سەندیکایی و نیقابی دروستبووە. ئەم حیزبە ساڵی ١٩٠٠ دروستبووە. بەریتانیا شۆڕشی پیشەسازی تیابووە و لانکی بزوتنەوەی چارتییەکان بووە. ئەم بزوتنەوەیە هەوڵیداوە بۆ بەدەستهێنانی ماف بۆ چینی تازە دروستبووی وڵاتەکە.

بزووتنەوەی سەندیکاکان پارتێکی سیاسیان دروستکرد بۆ ئەوەی کرێکار دەنگی سیاسی خۆی هەبێ. پەیوەندی لە شوێنی کارەوە بۆ حیزب لە ڕێگەی سەندیکاکانی کرێکاری دروستبووە. حیزبەکە کاردەکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو کێشە بەپەلەیانەی کە وەک وڵاتێک ڕووبەڕوومان دەبنەوە، لە وەستانی مووچەوە تا شکستی خزمەتگوزارییە گشتیەکان.

١١ سەندیکا و نەقابەی گەورەی ئەم وڵاتە پشتیوانی مەعنەوی و پولی پارتی کرێکاران دەکەن.

خەباتی سەندیکایی و نەقابی بەشێوەیەکی ئەختەبوتی تێکەڵاوی حیزبی کرێکاران بوون. تەنانەت گروپ و حیزبە چەپەکانی تری بەریتانیا وەکو بزوتنەوەی فشار لەسەر ئەم حیزبە کاردەکەن.

**توانا محەمەد نوری**



# دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ ڕێبوار عارف، سەبارەت بە هۆکار و کۆبونەوەی نارەزایەتی جەماوەری کفری...

**بۆپێشەوە: لە ١٠ تەموزەو خەڵکی کفری دەستیان داوەتە کۆبونەوەی نارەزایەتی و خواستگەلێکی زۆریان هەیە، سەرەتا دەپرسین میحوەریترین داوکارییەکانیان کامانەن؟**

**ڕێبوار عارف:** نەبوونی کارو خزمەتگوزاری تەنگی بەژیانی زۆریک لە دانییشتوانی خەلکی شارۆشارۆچکەکانی کوردستان هێناوە، بەڵام شارۆچکەی کفری زیاتر لە 15 ساله بەتەواوی مانا پەراویز خراوەو بەفەرامۆشی سپیردراوە، لە هەر ئیمکاناتیکی سەرەتای بێبەشکراوەو نەبوونی کارو نەبوونی هیچ پرۆژەیەکی بەرهەمهێنان و هیچ خزمەتگوزارییەک بە شوینک گەیشتون، کە بەشیک لەخەڵک و گەنجان ناچار بوون بۆ ماوەی یەک مانگی تەواو لە ژێر خێمەیەکدا بمێنەوە کە پلەی گەرماکەی رۆژانە 50 پلەیە... بۆیە وەک خۆتان دەڵێن لیستیکی بەرفراوانیان راگەیاندوە وەک داخوازی گەلیک کە بەرۆکی بە ژیانی خەلکی ئەم شارە گرتووە، کە بەشیکیان ئەمانەی خوارەوەن.

هێنانی دوو دکتۆری بێهۆشکەر، دابینکردنی ئامیری ئیمفۆی دڵ و نازور، بەرەسمیەت ناسینی زانکۆی پۆلیتکنیکی کفری، دابینکردنی هەلی کار، نوێژەنکردنەوەی ناوەندە کەلتورییەکان، زیادکردنی چەند بەشێکی دیکە لەنەخۆشخانەی شەهید، دابینکردنی ٣ ئامبوڵاس، گوڕینی ئیدارەی کفری، دامەزرانی زۆربەی کرێکاران و کارمەندانی کارخانەی ئاسنی سەربە ئیدارەی قەیویان، لە خەلکی کفری، چۆڵکردنی بینای باوە شاسوار لە هێزی سەربازی و کردنی بە زیندانی چاکسازی... کردنەوەی سەنتەری گەنجان، کردنەوەی پارکی خیزان، کردنەوەی چەند پارکێکی مندالان، نەهێشتنی وەرگرتنی سەرانەی بازگەکان، تەواوکردنی رێگەوبانەکان، کردنەوەی سەنتەری ئۆتیزم ......

**بۆپێشەوە: کۆبونەوەی نارەزایەتی لە جێگایەک و کەشی گشتیدا رۆڵی گرنگی هەیە، بەڵام کۆبونەوەی گشتی شەقام بەبێ پشتیوانی نارەزایەتی گەرەگ و شوێنی کار، تاک باڵ دەبێت؟ چۆن دەکرێت بزوتنەوەی نارەزایەتی شەقام لە پشتیوانی کریکاران و خەڵکی گەرەکەکان و تەنانەت شارو شارۆچکەکانی تر بەهرەمەند بێت؟**

**ڕێبوار عارف:** نارەزایەتی دەربرین شێوازی جۆراوجۆری هەیە لەهەر شارو ناوچەو رووداویکدا رەنگە شێوازێکیان بەرجەستەتر بێتەوە، مانگرتنی ئەم گەنجانە وەک شێوازێکی کارا هاوپێچە لەگەل پشتگیری فراوانی نەک تەنیا خەڵکی کوچەو کۆڵانەکانی ئەم شارە، بەڵکو زۆریک لە شارو شارۆچکەکانی تری کوردستان و تەنانەت سەدان و هەزاران کەسیکیش لە هەندەرانەوە رۆژانە بەشێوازی جیاجیا پشتگیری خۆیان رادەگەیەنن چ لە رووی مادیەوە چ لە رووی مەعنەویەوە. خەلکی گەرەک و دانیشتوانی ئەم شارە شەوان بە سەدان کەس پۆل پۆل دین لە کۆبوونەوە بەرنامەکانی دەوروبەری ئەم خیمەیەدا بەشداری دەکەن، دوکاندار و چیشتخانەکان هاوکارو بەشداری ئەم کۆبونەوانەن. ئەم گەنجانە بەرنامەی جیاوازیان هەبووە بۆ بەگەرخستنی توانایەکانی خەلک. هەر لە کۆبوونەوەو کاری روو بە میدیاو دەزگاکانی راگەیاندن و کۆرو سیمینار لەسەر تەوەری جیاوازی وەک بێکاری، مادەی هۆشبەر.... کاری هونەری شانۆ، گۆرانی و مۆسیقا، وتاربیژی و... لەم رێگەوە توانیویانە دەخالەت و توانابیەکانی بەشێکی بەرچاوی خەلکی شار، بەتایبەت گەنجان بەگەر بخەن... هەموو ئەمانە جیاواز لەوەی کە رۆژانە پۆل پۆل خەلکی لە شارو شارۆچکەکانی تریشەوە پەیوەست دەبن بەم مانگرتنەوە.

**بۆپێشەوە: نارەزایەتی خەڵکی کفری بەشێکە لەو نارەزایەتییەی سەرجەم خەڵکی کوردستان هەیانە، خاڵی هاوبەشی بزوتنەوەی نارەزایەتی خەڵکی کفری لەگەڵ بزوتنەوە نارەزایەتییەکانی تری باقی خەڵکی کوردستان کامانەن؟**

**ڕێبوار عارف:** لە راستیدا یەکێک لە کاریگەرییە جوانیەکانی ئەم مانگرتنە دروستکردنی ئەو پرسیارەیە کە هەڵسوراوانی شارو شارۆچکەکانی تر چۆن و لە چ رێگەیەکەوە دەتوانن سوودمەندبن لەم ئەزموونە و تا چەندە توانیویەتی کورەی خەباتی ئەوانیش تاوبدات، تا ئەو شوێنەی کە بە زانیاریەکانی ئێمە دەگەریتەوە هەر ئێستە دەیان کەس و کەسایەتی لەشارو شارۆچەکانی تری کوردستانەوە لە دووریانی وەلامدانەوە بە پرسیاری چیکردن و چۆن دەست بەکار بوون لە شارو ناوچەکانی خۆیاندان، بۆیە من لام وایە لە درێژ ماوەدا کاریگەری ئەم جولانەوەیە دەبینین لە شارو شارۆچکەکانی تریشدا ....

**بۆپێشەوە: سەرۆکی حکومەتی هەرێم بەر لە بەرپرسانی یەکێتی و زۆنی سەوز هاتە سەر خەت و کۆمەڵێک بەڵێنیدا، ئەوە لە کاتێکدایە خەڵکی ژێر سایەی دەسەڵاتی حزبەکەی خۆی، بەدەست نەبوونی سەرەتایترین خواستی وەکو ئاو ئاوەڕۆ، کارەباو سوتەمەنی و گرانی و بێکارییەوە دەناڵێن، چۆن دەروانە هاتنە دەنگ و بەڵێنی سەرۆکی حکومەت؟**

**ڕێبوار عارف:** ئەم پرسیارە شمشێرێکی دوو لەبەیە کە دەکریت هەم کاریگەری ئەرینی و باشی هەبێت و هەم بەپێچەوانەوە ئەو خەڵکە لە دووریانی خۆشباوەری و چاوەروانیکردنی دەستی ئەم حیزبانەدا بهێڵێتەوە. بەلام بەردەوام بوونی تائێستەی ئەم نارەزایەتی دەربرینانە نیشانەو هێمان بۆ ئەوەی کە ئاسان خۆیان تەسلیم بە وادەو بەڵێنەکانی دەسەڵات ناکەن و وەک خۆیان دەڵێن... لەمبارەشەوە سەرباری بەردەوام بوونی شەپۆلی سەردانەکانی وەزیرو بەپرسی حیزبی و حکومی، بەلام هێشتا پیداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە چۆن بەردەوام دەبن لەسەر کارەکانیان تا حکومەت دیتە سەر خەت و وەلام بە داخوازیەکانیان دەداتەوە، کە دیارە تا ئەمرۆ بەشێک لەم داواکاریانە لە حاڵی جێبەجێکردندان و گوشارەکان بەردەوامن.

**بۆپێشەوە: بەرپرسانی زۆنی سەوز لە ئاستی حزب و حکومەتدا!! دوای بێدەنگیەکی زۆر هاتنە سەرخەت و کۆمەڵێک بەڵێنیان بە خەڵکی کفری داوە، چۆن دەڕوانە ئەو بەڵێنانەو تا چەندە بەڵێنەکانیان جێ بەجێ دەکەن؟ هەروەها ئەو بەڵێنانە دەتوانێت وەڵام بە داخوازییەکانی خەڵکی نارازی کفری بداتەوە؟**

**ڕێبوار عارف:** بۆ من و بۆ خەلکی کفری یەکجار سەختە بروا بە بەڵینی حیزبە دەسەلاتدارەکانیان بکەین، ئەوەی کە بەرپرسانی زۆنی سەوز دواجار هاتنە سەرخەت و کۆمەڵێک بەڵێنیان دا بە دەستەی نوێنەرایەتی ئەم مانگرتن و نارەزایەتی دەبرینە، ئەگەرچی هەر لە ئێستەدا دەستیان بە جێبەجێکردنی هەندیکیان کردوە، بەڵام بردنە سەری تەواوی بەڵێنەکانیان شەرێکی دوو لایەنەیە کە بەشیکیان بە بەردەوام بوونی ئیرادەی ئەو خەڵکەوە گرێدراوە کە ئەگەر تەنانەت هەر ئەمڕۆش کۆتایی بە خێمەکەیان بهینن چۆن دەتوانن لە هەر شکل و شێوازیکی تری شۆرشگێریانەدا بەردەوامی بدەن بە دواکاریەکانیان. کە من دڵنیام تا ئەو شوێنەی بە تواناو ئیرادەی گەنجانی ئەم شارە دەگەرێتەوە لە هەول و تەقەلایەکی بەردەوامدا دەبن بۆ بەدەستهێنانی داواکاریەکانیان!

**بۆپێشەوە: لەگەڵ ئەوەدا بەرپرسانی حزبی و حکومی کۆمەڵێک بەڵێنیانداوە بە خەڵکی کفری، بەڵام خەڵکی کفری چادرەکانیان جێ نەهێشتووەو بەردەوامن لە نارەزایەتی دەربڕین، هۆکاری بەردەوامی نارەزایەتی کفری چییە؟ ئایا بڕوایان بە بەڵێنەکان نییە، یان دەیانەوێت بە کردەوە ببینن خواستەکانیان جێ بەجێ دەکرێت؟**

**ڕێبوار عارف:** دەکریت هەردووکیان بێت، خەڵکی کفریش وەکو دانیشتوانی زۆریک لە ناوچەکانی تر ئەزموونێکی خراپ و نابەرپرسانەیان هەیە لەوادەو بەڵێنەکانی دەسەڵات، چونکە زۆرجار نارەزایەتی بەشێوازی جیاواز لە شارەکاندا بەرپاکراوە، بەلام کاتێک کە کار گەیشتووە بە وادەو بەڵێنەکانی دەسەلات ئیتر خەلک زۆر درڕۆنگن لەم حاڵەتانە سڵەمیونەتەوە، چونکە ئاسانترین شت ئەوەیە کە ئەمرۆ دەسەلات بەڵێن دەدات و سبەی خۆی ناکات بە خاوەنی، بۆیە ئەم ئەزموونە بێ بڕوایی و دابرانیکی زۆری لەنێوان خەلک و دەسەڵاتدا دروستکردوەو ئاسان مل نادەن بەو بەڵێنانە، بەلام بەدیویکی تردا خەڵکی ئەم شارە رایانگەیاندوە کە تا بەکردەوە دەسەڵات دەست نەبات بۆ جێبەجێکردنی داخوازیەکانیان دەست هەڵناگرن و خۆئەگەر دەستیش هەڵگرن ئەوا بەشێوازی جیاوازتر دێنەوە مەیدان !

**بۆپێشەوە: هاوکات لەگەڵ نارەزایەتی شەقامی خەڵکی کفری، بەشێک لە کرێکاران و کارمەندان، بەهۆی دواکەوتنی موچەکانیانەوە دەستیان دایە بایکۆت و مانگرتن، چۆن دەکرێت ئەو نارەزایەتیانە لێک هەڵپێکرێن؟**

**ڕێبوار عارف:** نارەزایەتی لە شکڵ و شێوازی جیاوازدا بەردەوام هەیە، ئەوەی لەئێستەدا لەمبارەوە جولەیەک بەدی دەکرێت، بەبروای من بەشێکی بەرئەنجامی دواکەوتن و نەدانی دوو مانگیکی ئەم دوایانەو بەشێکیشیان لەسەر تەعین کردنە. بەلام ئەوەی کە لەمبارەوە جێگەی سەرنج و تیاڕامانە ئەو شێوازە تەقلیدی و تاقی کراوەیە کە نزیک بە 10 ساڵە بەشێک لە فەرمانبەران دەستی بۆ دەبەن، کە بەبروای من ناکاراو بێ کاریگەرە و ناتوانیت شتێک لە هاوکێشەکە بگوریت.

فلانە بەشی کارمەندان و مامۆستایان و.... سبەی دەچن لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەگەریدا بەیانامەیەک

بۆ لاپەڕە 13

# شوان داودی: لە هەڵبژاردنەکاندا کام هێز دژایەتی کورد بکات ئەوە براوە دەبێت و ئەو سیاسیانە مەرغوبن کە دژی کورد قسە دەکەن ...



## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز شوان داودی نووسەرو چاودێری سیاسی ، سەبارەت بە گوشارەکانی بەغدا بۆسەر هەرێم و ئایندەی سیاسی کوردستان...

**بۆپێشەوە: بڕیار و گوشارەکانی بەغدا لە دوای شەری داعش و ١٦ ئۆکتۆبەرەوە بۆسەر دەسەڵاتی هەرێم، بەردەوامە، هۆکاری ئەم گوشارانە چییە؟ و تاکەی ئەم بڕیار و گوشارانە بەردەوام دەبن؟**

**شوان داودی:** دیارە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق بە حوکمی دیفاکتۆ هەژمونی کورد بالادەست بوو بەسەر سەرتاسەری باشوری کوردستاندا بە کەرکوک ناوچە جێناکۆکەنانی تریشەوە، دوا بازگەی کوردی بازگەی شەهید فەرهاد بوو لە ملەی ئینجانە کە دەکەوێتە سەر زنجیرە چیای حەمرین بەرامبەر بە دەشتی عزێم و ئالای کوردستان بەسەرییەوە دەشەکایەوە، بۆ ئەمەش پاڵپشتی هاوپەیمانی نێو دەوڵەتی هەبوو بەمەرجێک دوای نوسینەوە و دەنگ پێدانی دەستوریش لە ساڵی 2005 ئەو ناوچانە لە ژێر دەسەڵات و هەژمونی کورددا مانەوە لەگەڵ ئەوەی کە لە دەستور پرسی ئەو ناوچانە یەکلایی نەکرانەوە و بە هەڵپەسێردراوی مانەوە، بەداخەوە بەهۆی پەیڕەوکردنی سیاسەتی هەڵەو کورت بینی قیادەکەی، کورد نەیتوانی وەکو پێویست سود لەو پشتوانیە نێو دەوڵەتییە ببینێ و قۆناغ بە قۆناغ تا 16ی ئۆکتۆبەری 2017 هەموو ئەو ناوچانەی بەحکومی دیفاکتۆی وای پرۆسەی ئازادی ڕەخسابوو بۆی لەدەست داو، لەگەڵ پرۆسەی ڕیفراندۆیشدا هەموو کارەتە بەهێزەکانی و بەشێکی زۆری پشتوانیە نێو دەوڵەتییەکانی لە دەست دا ..

**به داخەوە کورد هیچ کارتێکی فشاری به دەستەوە نەماوە بەرامبەر بەغدا لەگەڵ ئەوەش نارێکی نێو ماڵی کوردی و نەبوونی یەک گوتاری کورد بەرامبەر بەغدا زەمینەی لەباری بۆ بەغدا ڕەخساندووە و ئەگەری هەموو هەنگاوێکی چاوەڕوان نەکراو دەکرێ لەو بارەیەوە و تەنانەت مەترسی لەسەر هەڵوەشانەوەی قەوارەی هەرێمییش لە ئارادایە ...**

گوشارەکان بەردەوام دەبن بۆ لە قاڵبدانی ئەزمونی هەرێم لە قالب دانەکەش لە چوارچێوەی دەستور و ئەو بڕیار و یاسایانەی کە لە سەردەمی ڕیفراندۆمدا دەرچوون کە کورد غایب بوو لە دانیشتنەکانی پەرلەمان و بە بڕیاری حزبی سیاسی نوێنەرانی کورد بایکۆتی دانشتنەکانیان کردبوو هەر ئەندامێکی کورد نزیک هۆڵی دانشتنەکانی پەرلەمان ببوایە، زومی کامیرای کەناڵەکان دەچووە سەری و تەخوین دەکرا، یەکێ لەو یاسایانەی لەو سەردەمەدا تێپەرێندرا یاسای ئیدارەی مالیە کە ئێستا بەو یاسایە نیوەی داهاتە ناوخۆییەکانی هەرێم جگە لە نەوت دەبێ ڕادەستی بەغدا بکرێت.

ئەو کاتانەی هەرێم بەهێز بوو کورد پشتوانی گەورەی هەبوو، نەک کاری نەکرد بۆ تەشریعکردنی کۆمەڵێ یاسای گرنگ لەوانە یاسای نەوت و گاز بەڵکو و کورد ڕێگر و ئاستەنگ بوو لەبەردەم تەشریعکردنی ئەو یاسایەیان ئێستا بەلاوازی و دوای لە دەستدانی کارتەکانی ئەو یاسایە تەشریع دەکرێ کە بە دڵنیاییەوە لە بەرژەوەندی کورد نابێت .

پێم وایە هەرێم هیچ کارت و هیچ ئیرادەیەکی نەماوە بەرامبەر بەغدا، چونکە هاوکێشەکان پێچەوانە بۆتەوە ئەویش پێش هەموو کەس کورد خۆی بەرپرسیارە لەو دۆخە .

**بۆپێشەوە: گوشارە بەرەوامەکانی بەغدا بۆسەر هەرێم، بەرهەمی پابەندبوونی دەسەڵاتی ناوەندە بە فیدرالیزم و دەستورەوە، لە هاوسەنگی تازەی نێوان بەغداو هەرێمدا، یان وەکو هەندێک دەڵێن پاشگەزبوونەوەی بەغدایە لە فیدرالیزم و دەستور؟**

**شوان داودی:** شتێک نییە بە ناوی پاشگەزبوونەوە ئەوەی لە دەستووردا هاتووە زۆر جیاواز و کەمتر بووە لەو دیفاکتۆیەی کورد لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق بەدەستی هێنابوو، بەشێکی ماددە دەستوریەکان پێویستە بە پێی یاسا ڕێکبخرێت کورد لەوەدا سەرکەوتوو نەبووە و نەیتوانیوە یان نەیانزانیوە ئەوە بکات و ئەو دەرفەتەی بۆی ڕەخسابوو لە کیس چوو، بۆ ئەوەش بەرپرسیارێتی مێژویی دەکەوێتە ئەستۆی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان.

**ئەزمونی سیاسی هەرێم به دڵنیاییەوە مەترسی بۆ ئاسایشی نەتەوەیی عێراق و تورکیا و ئێران و سوریاش دەبێ، هەر کەم کردنەوەیەک لە دەسەڵاتی هەرێم و هەر بچوک کردنەوەیەکی قەوارەی هەرێم دژی دەسکەوتەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە، بەڵام حکومەتی هەرێم دەبێتە بیانوو بۆ ئەو گورزانەی بەر دەسکەوتە بەدەستهاتوەکانی گەلی کوردستان دەکەون ...**

**بۆپێشەوە: گوشارەکانی بەغدا تا چەندە کەرکوک و ناوچە کیشەلەسەرەکانی گرتۆتەوە؟ زۆرجار گوێ بیستی سیاسەتی ڕاگواستن و تەعریب دەبین، ئەمە تا چەندە ڕاستە؟**

**شوان داودی:** کەرکوک ناوچە کێشەلەسەرەکان کە من ئێستا بە ناوچە دۆڕێنراوەکان گوزارشتی لێ دەکەم هەمیشە قوربانی ململانێی نا نەتەوەیی و نا تەندروستی حزبە کوردستانیەکان و ئالۆزییەکانی هەرێمی کوردستانە، ئەم ناوچانە ململانێیان لەسەرە، هەر لایەک دەسەڵاتی بەسەردا هەبێت بەهەموو شێوەیەک هەوڵی سەپاندنی هەژمونی خۆی دەدات بە دڵنیاییەوە هەموو جۆرە سیاسەتێکی لەسەر پەیڕەو دەکرێت و ئێستا کورد بەتەواوەتی غائیبە لە سێکتەرەکانی سیاسی و ئەمنی و ئابوری و ئیداری شارەکەدا، لەگەڵ ئەوەشدا هێزە کوردییەکان لە ململانێی ناجۆری خۆیان نەکەوتوون و پێشبینی ئەوە دەکرێت لە هەڵبژاردنی دیسەمبەری ئایندەی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا کورد زۆرینەی 1+50لەدەست بدا .

**بۆپێشەوە: ئایا هەنگاوەکانی بەغدا لەدژی هەرێم و سیاسەتی خۆگرێدانەوەی پارتی و یەکێتی بە بەغدا، بەمانای تیکەڵ بوونەوەی بەکردەوەی کوردستانە بەعێراقەوە؟**

**شوان داودی:** بە داخەوە کورد هیچ کارتێکی فشاری بە دەستەوە نەماوە بەرامبەر بەغدا لەگەڵ ئەوەش نارێکی نێو ماڵی کوردی و نەبوونی یەک گوتاری کورد بەرامبەر بەغدا زەمینەی لەباری بۆ بەغدا ڕەخساندووە و ئەگەری هەموو هەنگاوێکی چاوەڕوان نەکراو دەکرێ لەو بارەیەوە و تەنانەت مەترسی لەسەر هەڵوەشانەوەی قەوارەی هەرێمییش لە ئارادایە لەوەی بەغدا لەسەر داوای لایەنێکی سیاسی مامەڵەی دارایی لەگەڵ پارێزگاکاندا بکات لەبری هەرێم.

**بۆپێشەوە: گوشارەکانی بەغدا هەر لەدژی دەسەڵاتی سیاسی هەرێمە، یان لە دژی خەڵکی کوردستانیشە؟**

**شوان داودی:** ئەزمونی سیاسی هەرێم بە دڵنیاییەوە مەترسی بۆ ئاسایشی نەتەوەیی عێراق و تورکیا و ئێران و سوریاش دەبێ، هەر کەم کردنەوەیەک لە دەسەڵاتی هەرێم و هەر بچوک کردنەوەیەکی قەوارەی هەرێم دژی دەسکەوتەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە، بەڵام حکومەتی هەرێم دەبێتە بیانوو بۆ ئەو گورزانەی بەر دەسکەوتە بەدەستهاتوەکانی گەلی کوردستان دەکەون، بۆیە لە کۆتاییدا ئەزمونی دەسەڵاتی کوردی و قەوارەی هەرێمی کوردستان ئامانجە گەورەو و هاوبەشەکەی عێراق و وەڵاتانی دەوروبەریتی .

**بۆپێشەوە: بەشێک لەخەڵکی کوردستان بەتایبەتی موچەخۆران، دەیانەوێت بەغدا موچەیان بداتێ و لە ژێر دەسەڵاتی هەرێم نەمێنن، پرسیار ئەوەیە ئایا ئەوە کیشەی موچە و خزمەتگوزارییەکانی خەڵکی کوردستان چارەسەر دەکات، ئەگەر وایە سەرباری ڕیکەوتنی بەغدا و هەرێم، کەچی کیشەی موچە ماوەو تا ئیستا کە مانگی هەشتە، موچەخۆران چاوەروانی موچەی مانگی شەشن؟**

**شوان داودی:** پێم وایە کێشەی موچە پرسی کاتە، لەگەڵ دەرچوونی ڕێنمایی جێبەجێکردنی بودجە و بەڕێخستنی یەکەم بڕی ئەو پرسە کۆتایی دێت، لە ڕاستیدا کورد نیو سەدە زیاترە خوێن دەڕێژێ بۆ پرسی موچە نەبووە، ئەگینا لە سەردمی بەعسیش موچە هەبووە ..

بەداخەوە نائومێدی کۆمەڵانی خەڵک و نەمانی متمانەیان بە هێزە کوردییەکان بەهۆی دابڕانیان لە جەماوەر و بێ دادیان لە پەیڕەوکردنی حکومڕانی ناتەندروست ئەو خواستەیان هەیە وەک ئەو پەندە کوردییەی کە دەڵێت ڕەحمەت لە کفن دز، خواستی گەڕانەوەی موچە بۆ بەغدا لای فەرمانبەران لەبەر چاوە ڕەشەکانی بەغدا نییە، بەڵکو لەبێ دادی دەسەڵاتی خۆماڵیدایە.

**بۆپێشەوە: چۆن دەڕوانە خۆشباوەری بەشێک لە خەڵکی کوردستان بەدەسەڵاتی بەغدا، بۆ باش بوونی موچەو خزمەتگوزاری و سوتەمەنی...تاد؟**

**شوان داودی:** بەداخەوە سەرباری نا عەدالەتی و نەهامەتیەکانی یەکێتی و پارتی،

نەبونی ئۆپۆزسیونێکی تەندروست و نابەرپرسیارێتی بەشێکی زۆر لە میدیای کوردی میزاجی تاکی کوردی تێکشکێنراوە. وا لە خەڵک کراوە هیچ ئینتمایەکی نەمێنێ و هەرچی جوانی و پیرۆزیەک هەیە لە کوردستاندا شکێنراوە، هیچ شتێک وەکو خۆی نەماوە و بەها بۆ هیچ شتێک نەهێڵدراوەتەوە .

**بۆپێشەوە: خەڵکی کوردستان بەشیوەی گشتی دژی دەسەڵاتی سیاسی هەرێمن و بەکردەوەش ئۆپۆزیسیۆنی بۆژوازی کورد، ئەڵتەرناتیفێکی باشتری دەسەڵات نییە و لەو ئاستەدا نییە، بتوانێت سواری بزوتنەوەی ناڕەزایەتی خەڵکی کوردستان ببێت، خەڵکی کوردستان دەبێ چی بکات، تا لەدەسەڵاتی یەکێتی و پارتی و هاوشیوەکانی و ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی ڕزگاری بێت؟ بەکورتی چ ڕیگاو ئەڵتەرناتیفێک بۆ باش بوونی ژیان و گوزەران و ئایندەی سیاسی کوردستان پیویستە؟**

**شوان داودی:** بەداخەوە بۆشایی سیاسی و غیابی نوخبەیەکی کاریگەر خەڵکی کوردستانی نێگەران بێ ئومێد و وێڵ کردوە، پێم وایە لەم قۆناغە وەکو هەنگاوی یەکەم پێویستە بەرەیەکی ناڕازی لە سەرتاسەری کوردستان لە ژێر سایەی چەترێکدا کۆبکرێنەوە و بە ڕوئیایەکی رون و فەلسەفەیەکی ئاشکرا، هەرچی ئەو سەرکردانەی خاوەن کاریزمان لە هەموو ئاڕاستە جیاوازەکان کۆببنەوە و هەمانگی و ڕایەڵ لەگەڵ سەرکردە مەحلی و مەیدانەکانی ناو خەڵک پێکبهێنن و پێکەوە برۆنە هەڵبژاردنی ئایندەی کوردستانەوە و بۆئەوەی هاوسەنگی دروست بکەن، لە کاتێکدا دەسەڵاتیش نەگرنە دەست دەتوانن ببنە ئۆپزسیونێکی تەندروست و کاریگەر کە من پێم وایە دەرفەتی لە بار بۆ ئەو بابەتە لە ئارادا هەیە، بە پێچەوانەوە هەر دەبێ لە بازنەی یەکێتی و پارتیدا بخولێینەوە .

**بۆپێشەوە: گرژی و ناکۆکی نیوان پارتی و یەکێتی لەسەر دەسەڵات و داهات بەردەوامە، ئایا گوشارەکانی کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی و بەغدا، هۆکاری بەرینبوونەوەی قڵشتی نێوانیانە، یان ناتەبایی پارتی و یەکێتی هۆکاری سەرەکی نیگەرانی ناوەندە فەرمی و نێودەوڵەتیەکانە؟**

**شوان داودی:** پێم وایە یەکێتی و پارتی زۆر شت لەدەستی خۆیاندا نەماوە، هەریەکەیان پابەندی هاوکێشەیەکی سیاسی جیاوازن و ئیرادەی ئەو هاوکێشانە لە ئیرادەی ئەوان بەهێزترە، به دڵنیاییەوە ئەو هاوکێشانە لەبەرژەوەندی کوردو و ئەزمونی هەرێمی کوردستاندا نییە، ئەو پاشا گەرادنیەی کورد لە نێوان هاوکێشەکاندا دوای کۆچی مام جەلال سەر هەڵداوە، چونکە هیچ کەسێکی تر لە کوردا وەک ئەو نەیتوانی بەرژەوندی نەتەوەیی بخاتە سەروی بەرژەوندی حزبی و کەسی هاوسەنگی نێوان ئەو هاوکێشانە ڕابگرێت. بە دڵنیاییەوە بەهۆی ناتەباییەکانی یەکێتی و پارتی هاوسۆزی و پشتوانی زۆری لە دەست داوین و زیاتریش لە دەست دەدەین.

سەرباری نا عەداڵەتی و نەهامەتیەکانی یەکێتی و پارتی، نەبونی ئۆپۆزسیونێکی تەندروست و نابەرپرسیارێتی بەشێکی زۆر لە میدیای کوردی میزاجی تاکی کوردی تێکشکێنراوە. وا لە خەڵك کراوە هیچ ئینتمایەکی نەمێنێ و هەرچی جوانی و پیرۆزیەك هەیە لە کوردستاندا شکێنراوە ...

**بۆپێشەوە: لێکەوتە سیاسیەکانی دەسەڵاتی ناوەندی لەسەر خەڵکی کوردستان و پرسی چارەسەرنەبووی نەتەوایەتی چۆن دەبینن؟ لاتان وایە جارێکی تر ستەمی نەتەوایەتی لەسەر خەڵکی کوردستان دوبارە دەبێتەوە؟**

**شوان داودی:** بەدڵنیاییەوە لێکەوتەی خراپی دەبێت، دەمانگەڕێنێتەوە چوارگۆشەی یەکەم لەبەرئەوەی دابڕانێکی زۆر و لێکترازانێکی گەورە ڕویداوە لە نێوان پێکهاتەکانی عێراقدا لە ماوەی چەند ساڵی رابردودا، گەر پێشتر کێشەی کورد لەگەڵ حکومەتەکانی عێراقدا بووبێ ئێستا لە شەقامی عێراقیدا دژایەتی خواستەکانی گەلی کورد دەکرێ، هەندێ جار هێزە سیاسیەکان و حکومەتیش لە ترسی فشاری شەقام ناتوانێت یان ناوێرێت بێتە ژێر باری هەندێ داخوازی کورد ...

لە هەڵبژاردنەکاندا کام هێز دژایەتی کورد بکات ئەوە براوە دەبێت و ئەو سیاسیانە مەرغوبن کە دژی کورد قسە دەکەن .

بۆشایی سیاسی و غیابی نوخبەیەکی کاریگەر خەڵکی کوردستانی نێگەران بێ ئومێد و وێڵ کردوە، پێم وایە لەم قۆناغە وەکو هەنگاوی یەکەم پێویستە بەرەیەکی ناڕازی لە سەرتاسەری کوردستان لە ژێر سایەی چەترێکدا کۆبکرێنەوە و بە ڕوئیایەکی رون و فەلسەفەیەکی ئاشکرا...

******

# لە بۆپێشەوەوە

⊛ بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.

⊛ بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێك بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.

⊛ بابەتی بڵاوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.

⊛ درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.

⊛ ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.

ئەگەر ناجێگیری سیاسی لەدوای روخاندنی دەسەڵاتی بەعسەوە، بەهۆی لاوازی پێکهێنانەوەی دەوڵەتی عێراق و نا مەرکەزی بووونی دەسەڵات و نا هاوسەنگ بوونی توانای حکومەتەکەی بوو، ئەمجارە و لە پرۆسیسی بەهێزبوونەوەی دەوڵەتی عێراق و ناوەند بوونەوەی دەسەڵات و حکومەتی عێراقدا، ناجێگیری سیاسی جێگا پەیدا دەکاتەوە و بەرامبەرکێی و کاردانەوەی سیاسی، لەبەرامبەر بەدەسەڵاتی هەڵاوێردن و جیاوازخوازی عێراقیدا دەکاتەوە بە واقعیەتیکی تاڵ و راستیەکی حاشا هەڵنەگر...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ ڕێبوار عارف، سەبارەت بە نارەزایەتی و کۆبونەوەی نارەزایەتی جەماوەری کفری

دەخوێنەوەو دواتر دەچنەوە ماڵەوە، کە دیار نییە کاریگەریەکەی چییەو چ بواریک و چ بۆشاییەک لە بەڕێوەبردنی ئیداری ئابوری ئەو شارەدا پێکدێنێت، بەبڕوای من ئەگەر ئەم دەسەڵاتە ئەوەندە بەتەنگ بەڕێوەبردنی کاروباری ئیداری فلانە ئیدارەوە بوایە کار بە ئێرە نەدەگەیشت. ئێمە بینیمان کە پەرلەمان عەیامیک دادەخرێت و کلیلەکەی دەدەنەوە دەست کارگوازی بیناکە، بەبێ ئەوەی زەرەیەک هیچ مەسەلەیەک بگوڕێت و هیچ شتێکی تایبەت بێتە پێشەوە، یان هیچ کارێکی ئەم وڵاتە پەکی کەوێت.

ئەوەش با لەولاوە ڕاوەستێت کە بەشێک لەم هەوڵانە دواجار دەچێتەوە گیرفانی حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆن و باروتەکەی بۆشەڕی ناوخۆی حیزبەکان و حیزبە دەسەڵاتدارەکان بەکاردێن و لەبەر وەرگرتنی ئیمتیازێک داوا لە حکومەتی مەرکەزی دەکەن کە مووچەکەمان بخرێتەوە سەر ئەوان.

**بۆپێشەوە: زامنی سەرکەوتنی هەر خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکی کرێکاری و جەماوەری، ڕێکخراوبوونە، نارەزایەتی خەڵکی کفری تاچەند ڕێکخراوە؟**

**ڕێبوار عارف:** دەبێت دان بەو ڕاستیەدا بنێین هەڵسوڕاوانی ئەم جوڵانەوە جەماوەریە ئەجندای جیاوازیان هەیەو مەیلێکی بەهێزیان هەیە بۆ سازش و سەرو گوێ کردنی داخوازیەکان لەلایەن دەسەڵاتەوە، ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە لەم نارەزایەتیەدا هەوڵێکی سەرەتای کاراو باش بەدی دەکەین، ئاگادارین کە ماوەی چەند مانگێکە بەتایبەت گەنجانی شار بەر لە دەست بەکار بوون کەسانێکی دڵسۆزو بەرپرس لەهەولی سەروسامانداں بە جوڵانەوەکەو ڕێکخستنیدا بوون، تا سەرئەنجام بەم شێوەیە دەبینین کاریان گەیاندوە بە شوێنێک کە خەڵکی ئەو شارە بێتە سەر شەقام و بەو شێوازە نارەزایەتیەکانی خۆیان بەیان بکەن. ئەوەی کە جێگەی دڵخۆشیەکی زیاترە، بوونی ژمارەیەک لە هەڵسوڕاوان و کەسایەتیە جدیەکانی ئەم شارو ناوچەیەیە، کە لە دەرەوەی ئەجندای حیزب و لایەنکان بەدوای نەخشە ڕێگایەکەوەن کە خەڵکی ناوچەکە ئاڵوگۆڕێک بەخۆیانەوە ببینن!

**بۆپێشەوە: پەیامتان بۆ خەڵکی نارازی کفری چییە؟**

**ڕێبوار عارف:** ئەوەی لە ئێستەدا زۆر گرنگە دەست گرتنە بەو دەستکەوتانەی کە تا ئێستا بەدەست هاتووەو ئەگەری فراوان بوونەوەو زیادبوونی هەیە. خەڵکی نارازی کفری دەبێت لەو ڕاستیە بگەن کە پێشەشکردنی 24 خاڵ بەمانای ئەوە نییە کە خۆشخەیاڵ بن بەوەی کە هەر سبەینێ دەسەلات و حیزب و لایەنەکان ملی دەدەن بە تەواوی داواکاریەکانیان، نەخێر بەڵکو لە ڕاستیدا دەبێت جێ پێی ئەو هەنگاو بەڵێنانە هەڵگرین کە حیزبەکانی دەسەلات بەڵێنی جێبەجێکردنیان داوە، ئەگەر تەنانەت نیوی داخوازیەکانیشیان بێت، چونکە ئەگەر هەموو داواکاریەکانیشیان جێبەجێ نەکرێت، ئەوەی کە تائێستا بەدەست هاتووە جێگەی دڵخۆشی و بروا بەخۆبوونیکی گەورەیەو دەبێت بیر لەوە بکەینەوە کە چۆن بە گۆڕینی تاکتیک و شێوازی خەباتمان بتوانین پێمان لە زەمین گیر کەین و تەواوی داخوازیەکانمان ئەگەر تەنانەت لە قۆناغیکی تریشدا بووە عەمەلی بکریتەوە!

بۆیە جێگەی خۆیەتی ئەوەی تائیستاو لە یەک مانگی رابردودا لەم شارۆچکەیەدا ئەنجامدراوە بە شانازیەکی مێژووی گەورەی بزانیین بۆ یەک بەیەکی ئەو گەنجانەی کە شەو ڕۆژ تەواوی وزەو توانایی خۆیان لەژێر ئەو خێمەیەدا بەخەرج دەداو پێویست دەکات لە هەنگاوەکانی داهاتوماندا بە ووردی ئەبدەیتی توانایەکانی خۆمان بکەینەوەو درێژ بەخەباتمان بدەین!

> **ئەو دەستێوەردانە سیاسی و سەربازی و ئەمنی و هێرش و پەلامارە تیرۆریستیانە لەدۆخی هەرێمدا، لێکەوتەکەی هەر تیرۆری کادرو چالاکوان و بەرپرسەکانی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن نییە، بەڵکو هاوکات زاڵ بوونی هەژموونی سیاسی و سەربازیی و کردنی هەرێمی کوردستانە بەگۆڕەپانی یەکلایی کردنەوەی ململانێی ناوچەیی و بلۆکەکانی ناوچەکە لە پێناو بەرژەوەندیەکانی خۆیاندا، لەپێشیانەوە بردنە سەری پێگەو باڵادەستیانە لە دۆخی سیاسی عێراقیشدا...**

## درێژەی .... دوا وتە

لە بەرامبەرکی یەکتریدا و بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی دەسەڵاتیان، هەر لایەکیان ئومێدی پشتیوانی بەیەکێک لەو دەوڵەتانە بەستووە.

ئەم کردەوە تیرۆریستیە بەردەوامانە، تەنها بەرهەمی لاوازی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد نییە، بەڵکو بەرهەمی هاوکاری دەسەڵاتی کوردی و خۆبەستنەوەیانە بە دەوڵەتانەوە. تەنانەت پیشبرکێی پارتی و یەکێتی بۆ نۆکەرپیشەیی و خۆشخزمەتی، بۆتە تایبەتمەندییەکی جێکەوتوویان. لاوازی هەژموونی ئەمنی دەسەڵاتی بەغداش بەسەر هەرێمدا، هۆکارێکی تری دەستێوەردان و ملهوری نواندنی وڵاتانی ناوچەکەیە لەهەرێمدا، بەڵام ئەمە هاوکات دەروازەیەکیشە بۆ دەسەڵاتی ناوەندی تا لەژێر پاساوی پاراستنی ئەمنی سنورەکاندا، و ڕێگەگرتن لە دزەی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان لەسنورەکانەوە، بەشێک لە هێزە چەکدارەکانی ناوەند بگێرنەوە بۆ سنورەکان و هەژموونی ئەمنی و سەربازی، بخەنە پاڵ هەژموونە سیاسییەکانیان، بەسەر هەرێمدا.

جیا لەوانە ئەوەش جێگای پرسیارە، هۆکار چییە، هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان، بەتایبەتی ئۆپۆزیسیۆنی سەربازی تورکی، هێندە بێخەمن لە دروێنەی کادرو بەرپرسەکانیان و ڕێگایەکیان بۆ کەمکردنەوەی ئەو خوێن بەربوونەی کادرو بەرپرسەکانیان نییە، بەتایبەتی لە ئێستادا کە قوربانیانی دەستی باندە تیرۆریستیەکان و درونەکان لە هەرێمی کوردستاندا زۆر زیاترن لەو قوربانیانەی لە بەرەکانی جەنگی پارتیزانی و چەکداریدا، بەریان دەکەوێت.

ئەو دەستێوەردانە سیاسی و سەربازی و ئەمنی و هێرش و پەلامارە تیرۆریستیانە لەدۆخی هەرێمدا، لێکەوتەکەی هەر تیرۆری کادرو چالاکوان و بەرپرسەکانی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن نییە، بەڵکو هاوکات زاڵ بوونی هەژموونی سیاسی و سەربازیی و کردنی هەرێمی کوردستانە بەگۆڕەپانی یەکلایی کردنەوەی ململانێی ناوچەیی و بلۆکەکانی ناوچەکە لە پێناو بەرژەوەندیەکانی خۆیاندا، لەپێشیانەوە بردنە سەری پێگەو باڵادەستیانە لە دۆخی سیاسی عێراقیشدا. وڵاتانی ناوچەکە لە پێگرتنەوە بەهێزبوونی عێراقدا نیگەرانن و نایانەوێت جارێکی تر عێراقێکی خۆگرتوو بەهێز پێ بگرێتەوە کە بەشێکە لە جیهانی عەرەبی و پێگەیەکی تایبەتی لەناوچەکدا هەیە. بەهێز بوونەوەی عێراق، هەر بەمانای دەستکورتکردنەوەی دەخالەتی وڵاتانی ناوچەکە نییە، لەدۆخی عێراق و هەرێمدا، بەڵکو بەهێز بوونەوە و سەربلندکردنەوەیەتی لە ئاستی تەواوی ناوچەکەدا. لەگەڵ ئەوەدا ئێران و تورکیا، نیگەرانی قەوارەی سیاسی هەرێم و باڵادەستی عێراق بەسەر هەرێمدا بەسودی خۆیان دەبینن، بەڵام هاوکات نیگەرانی ئەوەشن هەرێمی کوردستان وەکو گۆرەپانێکی ململانێی خۆیان لەدەستیان دەربچێت و عێراق هەژموونی تەواوەتی بکاتەوە سەر هەرێم.

سەر ئەنجام ئەم دۆخەی ئێستای لەهەرێمدا هەیە، رووبەرووە لەگەڵ ئاڵوگۆڕێک... باڵادەستی ناوەند بەسەر هەرێمدا، چ لەمەیدانی نەوت و ئابوری و چ لە زەمینەی دەستوری و یاسایی و ئەمنیدا و دەرگا کردنەوەیان بەسەر دەستێوەردانی هەرێمدا، ڕەوەندێکە دەستی پێکردووە، لەناو ئەو ڕەوەندەدا، پرسی تیرۆر و دەستێوەردانی وڵاتانی ناوچەکەش دەگۆرێت. بۆ ئێران و تورکیا، ئامانج ئەوەیە لەرێگای ڕێکەوتنیان لەگەڵ بەغدا پرسی سنورەکانیان و ئۆپۆزیسیۆنی وڵاتەکان یەکلایی بکەنەوە، تا ئەوەی پارتی و یەکێتی، لە بەرامبەرکیی یەکتری و بە خۆبەستنەوەیان، زەمینەیان بۆ ساز بکەن و هاوکاریان بن.

لەم هەلومەرجەدا ڕۆڵی جەماوەری خەڵکی کوردستان، گرنگی خۆی هەیە... لایەنەکانی دەرگیر لە هەرێمی کوردستاندا، هەر تەنها عێراق و تورکیا و ئێران نین، بەڵکو خەڵک و جەماوەر، دەتوانن ڕۆڵی کاریگەر و تەنانەت یەکلایی کەرەوە بگێرن لە ئاییندی سیاسی هەرێمی کوردستاندا. بزوتنەوەی نارەزایەتی لە هەرێمدا قوڵپ دەدات، بەدژی دەسەڵاتی حزبۆکراتی و میلیشیایی و تالانچیتی و نۆکەر پیشەیی، پارتی و یەکێتی و هاوبەشەکانیان... ئەم بزوتنەوەیە چۆن بۆ نان و موچەو خزمەتگوزارییەکان و بۆ ئازادی ئامادەیی هەیە، دەتوانێت بەدژی وڵاتانی ناوچەکەو کردەوە تیرۆریستی و ئینسان کوژیەکانیشدا، تەکان بەخۆی بدات و ببێتە لایەنێک لە دیاریکردنی دۆخی سیاسی و ئەمنی هەرێمدا. خواستی کردنە دەرەوەی بنکە و بارەگا سەربازی و ئەمنی و هەواڵگری وڵاتانی ناوچەکە پێویستە ببێتە یەکێک لە داواکاری جەماوەری و لە ئاستی بزوتنەوەیەکی سەراسەری شەقامدا خۆی بنوێنی و نیشان بدات، هەروەها خواستی کردنە دەرەوەی سەفارەتخانەکانیان بکرێتە گوشار لەسەر دەسەڵاتی ناوەند و هەرێم، هاوکات خەڵکی کوردستان پێویستە گوشار بهێنن بۆ پارتی و یەکێتی تا بکوژ و هاوکاری بکوژەکان و باندە تیرۆریستەیەکان، ئاشکرا بکات و ڕادەستی لێپرسینەوەی یاساییان!! بکات. گرتنە بەری ئەو هەنگاوانە دەتوانێت کاریگەری بەرجەستەی لەسەر کورتکردنەوەی دەستی وڵاتانی ناوچەکە لە هەرێمدا هەبێت.

**عەبدولا مەحمود**

ساڵی حەوتەم ژمارە (150) بەرواری 15–8–2023

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

بۆپێشەوە
سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

ڕێبوار عارف، هاوژین رەشید، ئیدریس مستەفا، شوان داودی، وریای رەسام، شکار عوسمان ، جەمال نوری، کاوان قادر، ئاراس رەشید، توانا حەمە نوری، عەبدوڵا مەحمود...

لەگەڵ دۆسیەکی تایبەت سەبارەت بە"هۆکاری گوشارەکانی بەغدا لەسەر هەرێم و ئایندی سیاسی کوردستان"...

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net

# دوای حەوت ساڵ بەسەر تیرۆرکردنی وەدات حسێن دا، بکوژانی ئاشکرا نەکراون!!



١٣ ئابی ٢٠١٦ رۆژنامەنووس وەدات حسێن لە ناوجەرگەی شاری دهۆکدا، لەلایەن چەند چەکدارێکەوە، ڕفێنراو پاشان بەبرینێکی سەختەوە لەسەر ڕێگای سومێل- دهۆک جەستەی زامدارو لەخوێن هەڵکێشراوی دۆزرایەوە، پاشان لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا.

١٣ ئەم مانگە حەوت ساڵ بەسەر ئەم کردەوە تیرۆریسیەدا تێپەربوو، کەچی تا ئێستا بکوژ و نەخشەدارێژەری ئەم رفاندن و تیرۆکردنە، وەکو باقی تیرۆرەکانی تری رۆژنامەنووسان، ئاشکرا نەبووە.

دوا حەوت ساڵ لە تیرۆری رۆژنامەنووس وەدات حسێن، دەزگاکانی حکومەت!! و دەسەڵات، نە سەرەداوێکی ئەم تیرۆرەو نە تاوانبارێکی ئاشکرا نەکردووە، لەکاتێکدا هەر ئەو دەزگایانە بۆ سەرکوتی رابەرانی جەماوەری و خۆپیشاندەران، بۆ دۆزینەوەی نەیارانی دەسەڵاتیان، چاوتیژ و تیژڕەون و لەماوەیەکی کەمدا روداو و دۆسیەی زۆر ئاڵۆز لە رێگای دەزگا و جاسوسیەکان و پیاوە نۆکەرەکانیانەوە، ئاشکرا دەکەن و دەدۆزنەوە. ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە خودی دەسەڵات ئاگاداری ئەم پیلانە چەپەڵەی تیرۆرەو لەژێر باڵی ئەوان بەدەستی خۆیان یان بەئاگاداری ئەوان، ئەنجام دراوە. بەناو ئۆپۆزیسیۆنی دەسەڵات و ئەو هێزانەش کە بانگەشەی بەرگری لە ئازادی و رۆژنامەنووسان دەکەن و لەهەموو شارەکانی کوردستاندا بوونیان هەیەو دەتوانن کاری دۆزینەوەو ئاشکراکردنی تۆمەتباران ئەنجام بدەن، بێدەنگەیان هەڵبژاردووەو ئامادەنین، بەکردەوە خۆیان بکەنە خاوەنی ئەو دۆسیانەی پەیوەندیان بە ئازادی و ئازادی کاری رۆژنامەگەرییەوە هەیە. ئەوەی دەنگی نەفرەت و تورەیی بەرووی ئەم پلانەدا بەرزکردۆتەوە یان خەریکی ئیدانەو چالاکی و بەدواداچوونە، ژمارەیەکی کەم ڕێکخراوەی مەدەنی دەست کورت و ژمارەیەک رۆژنامەنووسی ویژدان زیندووی نەکڕدراو کەڕ نەکراون و کوێرنەکراون. دۆسیەی وەداد و تەواوی رۆژنامەنووس و هەڵسوراوانی سیاسی و ئازادی و قوربانیانی، دۆسیەکی کراوەیەو تا سەر دیزە بەدرەخۆنە ناکرێن و ناشاردرێنەوە، رۆژێک دێت، تۆمەتباران و نەخشە دارێژەرانی پشتیان، توشی لێپێچینەوەی عەدالەتخوازی بکرێن، ئەم ڕۆژە هەر دێت.

## دوا وتە

# چۆن رێگە لە دەستێوەردان و کردەوەی تیرۆریستی لەهەرێمدا دەگیرێت؟

هەرێمی کوردستان بەشێوەی گشتی و زۆنی سەوز بەتایبەتی، بۆتە مەیدان و گۆرەپانی تەسفیەی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان، بەتایبەتیش ئۆپۆزیسیۆنی تورکی... کەم رۆژ هەیە درۆنەکانی تورکیا، درویێنەی گیانی کادرو چالاکوان و لایەنگرانی پەکەکە نەکەن، هاوکات گروپە تیرۆریستیەکانی سەر بەمیت، لەهەرێم هەڵسوڕاون و ئەگەر درۆنەکان لەرێگای ئاسمانەوە کردەوە تیرۆریستیەکانیان ئەنجام دەدەن، ئەوان گروپە تیرۆریستیەکان لەناو جەرگەی شارەکاندا، دەست دەبەن بۆ تیرۆر. ئەم هێرشە تیرۆریستیانە تادێت بەرەو هەڵکشان دەچن و کە بەجیا لە کوژرانی کادرو ئەندامانی ئەم گروپانە، تا ئێستا دەیان هاوڵاتی بێتاوان بوونەتە قوربانی و شوێنی کارو ژیانی خەڵکیش زەرەرو زیانی بەرکەتووەو وێران کراوە. تیرۆری ئۆپۆزیسیۆنی تورکی بۆتە کارێکی ئاسایی و هەموو ڕۆژە، هاوکات تیرۆری کادرو هەڵسوراوانی ئۆپۆزیسیۆنی ئیرانی و هێرشی ناو بەناوی موشەکی و فرۆکەو درۆنی بۆسەر بنکەو بارەگای هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئیران، بەشێوەی بەردەوام هەیە... لەوەش زیاتر گوشارەکانی تورکیا و ئیران بۆسەر دەسەڵاتدارانی هەرێم بەردەوامە بۆ هاوکاری کردن و وەدەرنانی هیزە ئۆپۆزیسیۆنەکان و داخستنی بنکەو بارەگا سەربازی و سیاسییەکانیان. لەو نێوەدا هێزە دەسەڵات بەدەستەکانی هەرێم "پارتی و یەکێتی" لەگەڵ ئەوەدا درێغیان نەکردووە لە هاوکاری دەوڵەتەکانی ناوچەکە، بۆ کردنەوەی بنکەو بارەگا و سەربازگە و هەڵسوڕانی باندەکانی ئەو وڵاتانە، هاوکاتیش بەدوادا نەچوون و ئاشکرا نەکردنی بکوژی هیزەکانی ئۆپۆزیسیۆن لەناو جەرگەی شارەکاندا، ئەو پەیامی هاوکارییە بە دەوڵەتەکان بۆ تیرۆری چالاکوان و کادرو لایەنگرانی هیزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی تورکی و ئیرانی کردۆتە یەقین. گومان لەوەدا نییە، چ هێرشە درۆنیەکان و بۆسەر بارەگا و ماڵ و سەیارە و چ کردەوە تیرۆریستیەکانی ناو شارەکان، بەبێ هاوکاری و چاوساغی و ناوخۆیی ئەنجام نادرێن... کەچی تاکو ئیستا نەک هەر بکوژان، بەڵکو چاوساغ و جاسوسەکانیشیان ئاشکرا نەکراون... بەڵام نابێ ئەو راستیەمان بیر بچیت، لایەنی سەرەکی و هاوکاری راستەقینەی بێ دەمامک، حزبە دەسەڵات بەدەستەکانی کوردستان و بنەماڵە دەستڕۆشتوەکانیانن، کە بەتەواوەتی خۆیان خزاندۆتە ناو باوەشی دەوڵەتەکانی ناوچەکە و لە ئامێزی ئەواندا هەست بە ئارامی و زەمانەکردنی درێژەدان بەدەسەڵاتیان دەکەن... وە پارتی و یەکێتی

بۆ لاپەڕە 13




# بەرهەمی تازەی هونەرمەند وریای رەسام